بڵاوکراوەی

جڤاتا وەڵاتیێ کوردا

(خۆیبوون)

ژمارە ٢

قەتڵوعامی کورد

لە تورکیا

لە فڕانسییەوە وەرگێڕانی بۆ کوردی،

پێشەکی و پەراوێزنووسی

نەجاتی عەبدوڵڵا

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٨

٣٦٤,١٥١
ن ٩٥٢ نەجاتی عەبدوڵڵا
قەتڵوعامی کورد لە تورکیا/ وەگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا٠-
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٨.
١١٥ل: ١٤,٥×٢١ سم، وێنە، بەڵگەنامە، زنجیرە؛ ٧٩.
١- کوردستانی تورکیا- جینۆساید ٢- جینۆساید- کورد
٣- ناونیشان ٤- زنجیرە؛ ٧٩
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پۆلێن و پێڕستی ئامادە کردووە

سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ٧٩
کتێب: قەتڵوعامی کورد لە تورکیا
نووسینی: کۆمەڵەی خۆیبوون
بابەت: بڵاوکراوەی ژمارە ٢ی خۆیبوون، قاهیرە، ١٩٢٨
لە فرانسییەوە وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا
تایپ و مۆنتاژ و هەڵەچنی: وەرگێڕ.
ڕووبەرگ: قادر میرخان
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٠٠٠
نرخ: ٢٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ٩٣٤ی ساڵی ٢٠٠٧
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:
Les masscres Kurdes en Turquie, Le Caire, 1928.

لە بڵاوکراوەکانی
بنکەی ژین
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، ئەندازیاران، گەڕەکی ١٠٥، کۆڵانی ٥، خانووی ٢٣
نۆرماڵ: ٣١٢٩١٠٢ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
E-mail: bnkaizhin@yahoo.com

ئەم وەرگێرانە

بە گیانی پیرۆزی

سورەیا بەدرخان بەگ،

ئەو پیاوەی کە کورد و کوردستانی

بە خوێنەری ئینگلیز و فرەنسی ناساند،

بە هەموو ئەو کیژ و کچۆڵە نازادارانەی

هەر تەنها لەبەر کوردبوون هەتک کران،

بە هەموو ئەو سەربازە ونانەی وا

ماڵ و خانوویان بەسەردا ڕووخێنرا،

بە هەموو ئەوانەی کە هەر تەنها لەبەر کوردبوونیان

شاربەدەر کران و لە قوژبنێکدا

بێ گۆڕ و بێ کفن ژێر خاک نران

و

بە هەموو ئەوانەی وا تا بەردەم پەتی سێدارە هەر بۆ

کورد و کوردستان ژیان،

دیاری و پێشکەشە

وەرگێڕ

پێشەکیی وەرگێڕ

مێـژووی ئێمـە نـەك هـەر ئاڵقـەکانی دەورانـی کـۆن و سـەدەکانی ناوەڕاسـت و مـۆدێرنی ونـە، بـەڵکوو بەشـی زۆری مێـژووی سـەدەی بیستەمیــشمان تــا ئێــستە ونــە و گــەلێك ئاڵقــەی زۆر گــرینگ و هەستیارمان فەوتاون، یاخود هێشتا نەکەوتوونەتە بەردەست. ڕەنگە ئێــرە نــە جێگــەی ئــاخ و داخ هەڵکێــشان و نــە کــاتی ئــەوەشمان بەدەستەوە مابێ تا دەستەوئەژنۆ بۆی دابنیشین. ئـەمڕۆ ڕووناکبیر و نووسـەرانی کـورد بـە هـەر چوارپارچـەی گـۆی زەویـدا پـەرش و بڵاو بوونەتــەوە، کتێبخانــە و ئەرشــیڤخانەکانی وڵاتــانی داگیرکــاری کوردسـتان (ئەسـتەموول، ئەنقـەرە، تـاران، تـەورێز، دیمەشـق، بەغـدا، لوبنـان و شـارەکانی دیکـە) و هـەروەها ئەرشـیڤخانە و حەشـارگە و کەلێن و قوژبنی کتێبخانـەکانی ئـەوروپا، ئـەمریکا و ڕووسیا، ڕەنگە هێــشتا ســەدان و بگــرە هــەزاران نامیلکــە و کتێــب و بەڵگەنامــەی نایابیان تێدا دەستبکەوێ کە پێویستە هەرچی زووتر وەکوو خۆیان بـە شـەرح و لێکدانـەوەی زیـادەوە سـەرلەنوێ بکرێنـەوە بـە کـوردی و بهێنرێنەوە ناو کتێبخانەی کوردی و هاوکات چەندین دانەشیان لێ بگەیەنرێتەوە ناو کتێبخانەکانی کوردستان.

دوای ئـەم پێـشەکیە، مەبەسـتم ئەوەیـە بڵـێم بەڕاسـتی ئـەرکی مێـژوونووس و لێکۆڵـەرەوەی کـورد گـەلێك لـە ئـەرك و مانـدووبوونی مێژوونووس و لێکۆڵەرەوەی نەتەوەکانی دیکە قورستر و سەختترە. ئەم کتێبـەی بەردەستتان کە بڵاوکراوەی ژمارە ٢ی "خۆیبوون"ـە و ساڵی ١٩٢٨ لـە قـاهیرە چـاپکـراوە، پـێم وایـە تـەنها سـێ دانـەی چـاپکراوی مـاوە؛ دانەیـەکیان لـە کتێبخانـەی نیـشتمانیی پـاریس، دانەیـەکی چـاپکراوی دیکـە لـە کتێبخانـەی دەوڵـەتی لـە بـەرلین و دانەیـەکیش لـە کتێبخانـەی ئـەنستیتۆی کـورد لـە پـاریس پـارێزراوە. دەبـێ ئـەوەش بگـوترێ کـە ئـەم بڵاوکراوەیـە هـەر هـەمان سـاڵ لەگـەڵ چـاپە فڕانسییەکەیدا، چـاپە ئینگلیـزی و تـورکیی عوسمانیەکەشـی بـڵاو کراوەتـەوە، کـە بەداخـەوە ئـەمڕۆ چـاپە تورکیەکـەی هـیچ شوێنەوارێکی دیار نییە و چاپە ئینگلیزیەکەش پێم وایـە تـەنها یـەك دانەی چاپکراوی زیاتر نەمابێتەوە. ماوەتەوە سەر ئـەوەی بڵـێم کـەوا ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ هیچ گومانێك لـە نووسینی سورەیا بەدرخانـە، وەك چـۆن لـە سـەرجەمی هـەر هەشـت بڵاوکراوەکـانی خۆیبـوون شەشیان، واتە بڵاوکراوەکانی ژمارە (6,5,4,3,2,1) هـەر هـەموویان لە نووسینی ئەو زاتەن. بەڵام بڵاوکراوەی ژمارە ٤ و ژمارە ٥، کە یـەك لەدوای یەك بە تورکی و عەرەبی بڵاو کراونەتەوە، پێم وابێ ژمارە ٥ یـان محەمـەد عـەلی عـەونی کردوویـە بـە عـەرەبی و بـۆ بڵاوکـراوەی ژمارە ٤یش، نە هیچ زانیاریەکم لەبەر دەستە و نە هیچ کەسێکیش تـا ئێستە ئەم بڵاوکراوەیەی بینیوە.

دواجـار حەزدەکـەم لێـرەدا ئـەوە بڵـێم کـە مێـژووی خۆیبـوون لـە هـەموو ڕووێکـەوە شـایانی چـەندین دکتۆرانامـە و ماجێـستێرنامەی سـەرکەوتووە. گـەڕان و سـوڕان بـەنا و ئەرشـیڤخانەکانی پـاریس،

لەندەن، ئەمریکا، شام و لوبناندا، ڕەنگە هێشتا سەدان بەڵگەنامەی نایاب و تازەمان لە بارەی خۆیبوونەوە بخەنە بەردەست، بەوهیوایەی کە ئەم قۆناغەی مێژووی کورد بە تەواوەتی هەقی خۆی بدرێتێ. بەر لەکۆتایش گەلێك سوپاسی مامۆستایان ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح دەکەم کە بەردەوام پاڵپشتی گەورەی کارەکانم بوون و سێبەری برایەتییان هەمیشە گەلێك لە ماندووبوون و شەکەتیەکانی کارکردنی لەبیر بردوومەتەوە، خودا نموونەیان هەر زۆر بکات.

نەجاتی عەبدوڵلا

پاریس،

١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧

جڤاتا وەلاٚتیێ کوردا "خۆیبوون"

مێژوو، ناسنامە و بلاٚوکراوەکانی

(٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧-١٩٤٦)

کوردستان تا دوای یەکەم جەنگی جیهانی ناسنامەی مێژوویی–کولتووری خۆی هەبوە، بەلاٚم هەرگیز ناسنامەی سیاسیی نەبوە، لەم ڕووەوە کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و دەستپێکی سەدەی بیستەمدا، لەناو تەنگژەیەکی گەورەی ناسنامەی سیاسییدا بووە. تا وەکو دوای کۆدێتای تورکە–لاوەکان ١٩٠٨، کەسایەتییە سیاسییە کوردەکان هەر لەناو بزووتنەوەی ئیتیحاد و تەرەقیدا کاریان دەکرد. ئۆرگانی ئیتحاد و تەرەقی (عوسمانلی) سەرنووسەرەکەی دوکتۆر عەبدوڵلا جەودەت بوو. هەتا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردستان (نیسانی ساڵی ١٨٩٨) کە وەکوو ئۆرگانی ئۆپۆزسیۆنی کورد حسێب دەکرا، بەشێك بووە لە ئۆپۆزسیۆنی تورکە–لاوەکان بە بێ ئەوەی هێندە جوداخواز بووبێ، بەلاٚم ڕۆژنامەی کوردستان بەردی بناغەی ناسیۆنالیزمی کولتووریی کوردی دامەزراند[1].

---

[1] Hamit Bozarslan, *La question kurde, Etat et minorités au Moyen-Orient*, Ed. Presses de sciences politiques, Paris, 1997, p. 24

ڕاستییەکەی چەمکی ناسیۆنالیزم درەنگتر لەناو کەمینە نەتەوە موسڵمانەکانی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا سەری‌هەڵدا. بێگومان کورد وەکوو کەسایەتی بەشداریی لە بزوتتنەوەی تورکە–لاوەکاندا کردووە، بەڵام وەك گرۆ یا وەك دەستەبەندی سیاسی بەشدارییێکی وای لە بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆندا نەبوە. بۆ نموونە، دوای کۆنگرەی ئیتیحاد و تەرەقی ساڵی ١٩٠٧، کاتێك ئۆپۆزسیۆن دەیەویست دووبارە هاوبەندیی پەیمانێکی تاکتیکی نوێ بکاتەوە و یەکێتییەکی ئۆپۆزسیۆنی یەکگرتووی عوسمانی پێك بهێنێ، نەیتوانی لەمەدا سەرکەوتوو بێت. مالومیان* ڕای دەگەیەنێ : *((سەرباری ئەو یەکێتییەی وا لەنێوان عەرەب، ئەرمەنی، جوولەکە و تورکدا هەیە، کۆمیتە شۆڕشگێرەکانی مەکدۆنیا لەمێژە لەگەڵ درۆشاك ڕێکەوتنیان هەیە و هاتنە ناوەوەیان زامنە. بە هەمان شێوە، ئەلبانی و گرۆیەکانی دێنە ناوەوە. هەرچی کوردەکانە، بەداخەوە گرۆ (کۆمەڵە)ی سیاسییان نییە، بەڵام ئێمە لەگەڵ زۆریاندا لە پێوەندی‌داین و لەوبارەیەوە هیوایەکی زۆرمان هەیە"*[٢].

تەمموزی ١٩٠٨، سوپا لە مەکدۆنیا ڕاپەڕی و لە ٢٣ی تەمموزدا سوڵتان عەبدولحەمید ناچارکرا جاڕی مەشرووتە بدات. ئەوە لەم دەورانە نوێیەی ژیانی سیاسیی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوەیە کە ڕووناکبیرانی کورد باسی "کوردبوون– عوسمانی بوون"ی خۆیان دەکەن. بەڵام بەهاری ئازادی هێندەی نەبرد و ٢٧ی

Malumian *

[2] M. Sükrü Hanioglu, *Preparation for a revolution : the Young Turks, 1902-1908*, Oxford ; New York : Oxford University Press, Coll. Studies in Middle Eastern history, 2001, pp. 206-207.

نیسانی ١٩٠٩ ئیتیحاد و تەرەقی کۆدێتایان کرد و تەنگژەی باڵقان درزێکی گەورەی خستە ناو پرەنسیپەکانی عوسمانیزم و ئەمە لەگەڵ خۆیدا بیرۆکەی بە عوسمانیزەکردنی هەموو ڕەعیەتگەلی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی هێنایە پێشەوە. سیر گێرارد لۆتەر*، باڵوێزی بریتانی تێبینیی ئەوەی کردووە کە لەم دەورانەدا ((تورکە-لاوەکان لە بیری خۆیاندا "عوسمانی" واتای "تورك"ی دەگەیاند و سیاسەتی ئەوکاتەیان "عوسمانیزەکردن" شێوازێك بووە بۆ تواندنەوەی ڕەگەزە ناتورکەکان لەناو کەمینەیەکی تورکدا))[٣]. لە یەکەم هەنگاودا جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی بۆ بەرگرتن و لغاوکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، ویستیان کۆمەڵەیەکی گشتگیر لەگەڵ کۆمەڵە ڕووناکبیری و سیاسییەکانی دیکە، بە پارتی ئیئتیلافی لیبراڵیشەوە، بە ناوی کۆمەڵەی هاوپەیمانیی عوسمانییەوە دروست بکەن، دوای چەند مانگێك یاسای ڕێکخستن و کۆبوونەوەی نوێ دانراو و هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە بنکەیەکی ئیتنیکییان هەبوو، قەدەغە کران[٤].

ساڵی ١٩١١ ئۆپۆزسیۆنی جەمعییەتی ئیتیحاد و تەرەقی بە کوردیشەوە لە دەوری پارتی ئیئتیلافی لیبراڵ کۆبوونەوە, لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازاددا کە بەهاری ١٩١٢ ساز کرا، پارتی ئیئتلافی لیبراڵ گەیشتە دەسەڵات و لەم سۆنگەیەوە چەند دەروویەکی کولتووری بەڕووی کورددا کرانەوە، بەڵام هێندەی نەبرد دیسان ئیتیحاد و

---

* Sir Gerard Lowther

[3] Vahakn N. Dadrian, *Autopsie du génocide Arménien*, traduit de l'anglais par Marc et Mikaël Nichanian, Ed. Compexe, Coll. Historiques, Bruxelles, 1995, p. 57.

[4] حسن قايالي، *الحركة القومية العربية بعيون عثمانية ١٩٠٨-١٩١٨*، ترجمة: فاضل جنكر، دار قدمس، دمشق، ٢٠٠٣، ص: ١٤١-١٤٢.

تەرەقییەکان هاتنەوە سەر حوکم و لێرەوە ئیدی بەڕاستی چەمکی "ناسیۆنالیزمی تورك" جێگەی چەمکی "عوسمانیزم" و "پان-عوسمانیزم" دەگرێتەوە.

لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ناسیۆنالیزمی کورددا هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر بەر لە دامەزراندنی (خۆیبوون) لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٧دا باسی ناسیۆنالیزمی کورد بکەین. ڕاستە بەر لە دامەزراندنی "خۆیبوون" کۆمەڵێك یانە و ڕێکخراوی کورد لەدایك بوون، بەڵام ئەمانە هەرگیز هەڵگری پڕۆژەیەکی سیاسیی جیاییخواز نەبوون کە جەماوەر بۆ ئامانجە نەتەوەییەکان جۆش بدەن. لەوەتای ساڵی ١٩٠٨ەوە، دەکرێ باسی جۆرێك لە "کوردایەتی" یان "کوردیزم" بکەین کە زۆر بە ئاستەم دەیتوانی و دەیەویست "کوردایەتی" لە پەراوێزی "عوسمانیزم"دا بکات. سەرباری ئەمەش ئەم بزووتنەوە کوردایەتییە زیاتر لەناو ڕووناکبیرانی کورددا بوو و بە هیچ شێوەیەك نەبووبووە دروشمگەلی ناو کۆمەڵانی خەڵك و ئایدیای سەربەخۆیی لەناو جەماوەردا تا ڕادەیەکی تەواو هەر ون بوو. لەم ڕوانگەیەوە تا دوای تێکشکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥، هۆشیاریی "کوردبوون" لەناو خەڵکدا هێندە کز بوو کە دەکرێ بە نەبووی دابنێین. ڕەوتی سیاسی زیاتر لەژێر بەها ئایینیەکاندا بوو و ئەوەندەی کورد لە دەوری دروشمەکانی مستەفا کەمال کۆبووبوونەوە، کەمتر لە چارەگێکی ئەوە لە دەوری ڕێکخراو و یانە کوردییەکان کۆنەبوونەوە. کورد، ئاستی خۆنواندنی ناوچەییدا، تاوەکوو کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان و وردتر تا دوای تێشکان و سەرکوتی خوێناویی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٢٥، نەیویستووە لەو ڕەوشە جیۆپۆلیتیکە جیابێتەوە کە بەسەریدا سەپێندرابوو.

هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت (١٩٢٤) بە جۆرێك لە جۆرەكان پچڕانی ئەو تاڵە داوەی ئایین بوو كە چەندین سەدە بوو كورد و توركی بەیەكەوە بەستبۆوە، بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە كە مەبەستم ئەوەبێ بڵێم شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ و ساڵەكانی دواتر لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتەوە سەریان هەڵداوە.

شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ و دواتر دامركاندنەوەی خوێناوییەكەی، لەگەڵ خۆیدا پەیامی لەدایكبوونی درەنگ وەختی "ناسیۆنالیزمی كورد"ی ڕاگەیاند، كە دەكرێ دامەزراندنی خۆیبوون لە ٥ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٧دا لەنێو دوو كەوانەدا بە سەرەتا و دەستپێكی زۆر سەرەتایی ناسیۆنالیزمی كورد دابنێین.

خۆیبوون هەڵگری پڕۆژەی سیاسیی سەربەخۆیی كوردستان بوو و كەم و زۆر بەناو هەر چوار پارچەی كوردستاندا ڕۆچووبوو. ئەوەی خۆیبوون لە هەموان زیاتر بایەخی پێدەدا، بواری ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندە بوو، بە زمانە زیندووەكانی (فڕەنسی، ئینگلیزی و عەرەبی و توركی) لە بڵاوكراوە و بەیاننامەی بڵاو دەكردەوە" بەمە سەرچاوەیەكی زۆر دەوڵەمەندی لەدوای خۆیەوە جێهێشتووە كە بۆ لێكۆڵینەوە لە مێژووی خۆیبوون و ناسیۆنالیزمی كورد سەرچاوەیەكی گەورەی دەستی یەكەمن.

قەتلوعامی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ و ڕاوەدوونانی ڕووناكبیرانی كورد دوای بەجێهێشتنی ئەستەموول، كێشایەوە بۆ ئەوەی كە بەشی زۆریان لە شام و لوبنان لەژێر دەسەڵاتی ئینتدابی فڕانسا گیرسانەوە. ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٢٧ ڕێبەر و ئەندامانی چوار كۆمەڵەی سیاسیی كوردی: جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، پارتی

نەتەوەیی کورد، کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد و کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد، دوای چەندین کۆبوونەوە ڕۆژی ٥ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ لە لوبنان یەکەمین کۆنگرەیان بەست، و بەمشێوەیە (جڤاتا وەلاتیێ کوردا، جڤاتا کوردان یان خۆیبوون) لەدایك بوو.

بەگوێرەی چەندین لیست کە لە لایەن دەزگاکانی زانیارییەوە ئامادە کراون، دەتوانین ئەوە دووپات بکەینەوە کە کەسایەتییە سەرەکییەکانی خۆیبوون لەکاتی دروستبوونیدا ئەمانە بوون: جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣-١٩٥١)، کامەران بەدرخان (١٨٩٥-١٩٧٨)، سورەیا بەدرخان (١٨٨٣-١٩٣٨)، مەمدووح سەلیم (١٨٩٧-١٩٧٦)، محەمەد شوکری سەگبان (١٨٨١-١٩٦٠)، ئیحسان نووری (١٨٩٣-١٩٧٦)، عەلی ئیلامی (١٨٨٠-١٩٦٤)، فەهمی لیجێ(١٨٨٧-١٩٦٧)، حاجۆ ئاغا (١٨٨٨-١٩٤٠)، ئەمین ڕامان (ئەمین پەریخان) (؟-١٩٢٨)، بۆزان (١٨٩٥-١٩٦٨) ، مستەفا شاهین (؟-١٩٥٣)، شێخ عەبدولڕەحمان گارسی (١٨٩٦-١٩٣٢) و ڕەفعەت زادە (؟-١٩٣٠). دواتر گەیشتنی ئاوارەی نوێی کورد لە ساڵی ١٩٢٩دا خوێنێکی تازەی بە ڕێکخراوەکە بەخشی، لەمانەی دوایی ئەکرەم جەمیل پاشا (١٨٩١-١٩٧٤)، قەدری جەمیل پاشا (١٨٩٢-١٩٧٣)، عوسمان صەبری (١٩٠٥-١٩٩٣)، ئەحمەد نافیز زازا (١٩٠٢-١٩٦٨)، عارف عەباس (١٩٠٠-١٩٨٤)، و شەوکەت زولفی (١٨٩٩-؟)[5].

[5] *La Ligue national kurde Khoyboun*, Documents recueillis, annotés et présentés par Jordi Tejel Gorgas, Etudes Kurdes, N° hors série III-juin 2007, Paris, pp. 8-9.

کۆتایی خۆیبوون

سەرکەوتنی شوورەوی بەسەر نازیزم لە هەموو جیهاندا ڕوویێکی گەشی بە کۆمۆنیزم بەخشی و وەچەی نوێی گۆڕەپانی کوردایەتی زیاتر کرانەوەیان بەرەو کۆمۆنیزم تێدا بوو. ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان هەموویان پاڵپشت و پەناگەی حوکمەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بوون، ڕەنگە تاکە "نوا"یێك بۆ ئەم وەچەیە کرانەوە بووبێ بەرەو ڕووی بزووتنەوەی کۆمونیزم، بەو پێیە کەوا تاکە دەروو بوو کەوا جیهانێکی "یەکسان" و "بێ چەوساندنەوە" بۆ ئینسانی کورد دابین بکات. بەمشێوەیە وەچەی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان کۆمەڵەیەکی نوێیان بە ناوی کۆمەڵەی کورد[*] (یەکبوون و ئازادی) لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراند. ئەم کۆمەڵەیە زیاتر بۆ ئەوە بوو، بەبێ ئەوەی خۆیبوون تووشی ئینشاق بکات و پارچە پارچە ببێ بتوانێ خۆیبوون بگرێتەوە خۆ. ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی پێکهاتە و پرۆگرامەوە گەلێك لە خۆیبوون، نزیك بوو و دواجار برێك لە سەرکردە کۆنەکانی خۆیبوون لەوانە قەدری جەمیل پاشا و ئەکرەم جەمیل پاشا، چوونە ناو کۆمەڵەی نوێ و لەگەڵ ساڵی ١٩٤٦ ئیدی خۆیبوون بە تەواوی کۆتایی بە ژیانی سیاسیی هات.

---

[*] Ligue Kurde

بیبلیۆگرافیای کرنۆلۆژی بڵاوکراوەکانی

(خۆیبوون)

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە "تا ئێستە" دەست ئێمە کەوتوون و بە پێی بەشوێنداچوونەکانی ئێمە، کۆمەڵەی خۆیبوون (جڤاتا کوردان، جڤاتا وەڵاتییێ کوردا) بەدەر لە نامیلکەکانی پەیڕەو و پرۆگرام و بەیاننامە سیاسییەکان، تەنها هەشت بڵاوکراوەی بەچاپ گەیاندووە کە بە زمانەکانی (٢ یان ئینگلیزی، ٣ یان فڕەنسی، ٣ یان تورکی و عەرەبی)ن، کە لەوانە تەنها بڵاوکراوەی ژمارە ٤ و ژمارە ٨ بە تورکییە و بڵاوکراوەی ژمارە چوارەکەی تا ئێستە ونە و دیار نییە، بەڵام خۆشبەختانە دەقە فڕەنسییەکە و ئینگلیزییەکەی لەبەر دەستە و ئەمە هەمان ئەو کتێبەی بەردەستتانە کە لێرەدا کراوە بە کوردی. من پێم وایە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خۆیبوون بەمشێوەیە:

١٩٢٨

1-Sureya Bédir Khan, *The Case of Kurdistan against Turkey*[6]. Published by the authority of Hoyboon Supreme Council of the Kurdish Government, Philadelphia, 1928, (72 p).

---

[6] ئەم کتێبە گەرچی لەسەری نەنووسراوە بڵاوکراوەی ژمارە یەك، بەڵام بە هەموو پێوایەنەیەك دەبێ ئەمە بڵاوکراوەی ژمارە یەکی خۆیبوون بێ. ئەم بڵاوکراوەیە ئەم ساڵانەی دوایی دووجار بە ئینگلیزی دووبارە چاپکراوەتەوە، جاری یەکەمیان ساڵی ١٩٩٥ بە ئۆفسێت لە لایەن کتێبخانەی سارا لە ستۆکهۆڵم بڵاو کرایەوە، جاری دووەمیشیان لە ژمارە ١ و ٢ ی گۆواری *The International Journal of Kurdish Studies*، ساڵی ٢٠٠٤، لاپەڕە ١١٣–١٥٧دووبارە بڵاوکراوەتەوە. ئەم نامیلکەیە لە هەموو ڕوویێکەوە شایانی ئەوەیە بکرێتە کوردی و بهێنرێتەوە ناو کتێبخانەی کوردی.

2-Ligue National Kurde (Hoyboun), *Les massacres Kurdes en Turquie*[7], Publication n° 2, Le Caire, Imp. Paul Barbey, 1928, (41p).

3- Kurdish National Lague, *The massacres of Kurds in Turkey*, Le Caire, 1928, (? p)[8].

4- جڤاتا وەلاتییێ کوردا، *کردلرن ترکیادە قتل عامی*[٩]، قاهرە، ١٩٢٨ ١٩٣٠

5- د. بلەج.شیرگوە، *القضیة الکردیة ماضي الکرد وحاضرهم*، (جمعیة خویبون الکردیة الوطنیة) -النشرة الخامسة- مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر، القاهرة، ١٩٣٠، (١١٢ص)[١٠].

---

[7] ئەمەیان ئەم کتێبەی بەردەستتانە کە ڕاستەوخۆ لە فڕانسییەوە کراوە بە کوردی.

[8] من بۆ خۆم ئەم چاپە ئینگلیزییەم نەبینیوە کە چاپی ئینگلیزیی هەمان ئەو کتێبەیە وا ئێمە لێرە لە فڕەنسییەوە کردوومانە بە کوردی، بەڵام بەو پێیەی کە موحەمەد بایرق لە کتێبەکەی خۆیدا وێنەی بەرگی بڵاوکراوەکە و تەرجەمەیەکی (کورتکراوەی) تورکیی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاویشی لەناو کتێبەکەیدا بڵاو کردۆتەوە، هیچ گومان لەوەدا نییە کە دەبێ چاپە ئینگلیزییەکەی مابێ. بۆ تەماشاکردنی بەرگی کتێبە ئینگلیزییەکە و وەرگێڕانە تورکییە کورتکراوەکە بڕوانە: Mehmet Bayrak, *Kürdoloji Belgeleri*, Öz-ge Yayinlan 17, Ankara, 1994, pp. 40-56.

[9] بەداخەوە چاپی تورکیی عوسمانیی ئەم بڵاوکرایەوە تا ئێستە لە هیچ لایەکەوە دیار نییە و وا پێدەچێ هەموو دانەکانی فەوتابن، بەڵام خۆشبەختانە چاپە فڕەنسی و ئینگلیزییەکەی ماوە.

[10] ئەم بڵاوکراوەیە عەرەبییەی ژمارە ٥ ی خۆیبوون لە لایەن محەمەد حەمە باقییەوە لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی و سێ جار چاپکراوە، بڕوانە: دکتۆر بلەچ شێرگۆ: *کێشەی کورد. مێژینە و ئێستای کورد*، یەکەم چاپ، ١٩٨٦، دووەم چاپ ١٩٩٠، چاپەمەنی محەمەدی-سەقز و سێیەم چاپ، تەورێز، ١٩٩١. حەزدەکەم لێرەدا ئەوە بڵێم کەوا چاپی عەرەبی و چاپی فڕەنسیی ئەم بڵاوکراوەیە جیاوازییەکی گەلێك زۆریان هەیە. جگە لەوە

6-Docteur Blech Chirguh, *La question kurde, ses origines et ses causes*, publication de la Ligue Nationale Kurde (Hoyboun), n° 6, La Caire, Imprimerie Paul Barbey, 1930, (56p).

١٩٣٤

7-Herkol Azizan, *De la question kurde. La loi de déportation et de dispersion des Kurdes*[11], N° 8, Damas, 1934, (40 p).

٨– جمعية خويبون الكردية الوطنية –النشرة الثامنة– *الكرد ازاء العفو العام التركي سنة* ١٩٣٣، ١٩٣٤ ، (٢٤ ص)[١٢]

بەیاننامە ، نامە و بانگەواز بۆ شۆڕش

نازانم بۆچی کاکە حەمە بەشی مێژووەکەی تەرجەمە نەکردووە کە یەکەمین بەشی عەرەبیی کتێبەکەیە. ئێمە ئەم بڵاوکراوەیەمان ڕاستەوخۆ لە فڕەنسییەوە کردووە بە کوردی و بە هیواین لە داهاتوویێکی زۆر نزیکدا چاپی بکەین.

[11] ئەم کتێبە بە فڕەنسی نووسراوە و تەرجەمەی تورکیی نوێش کراوە و تەرجەمە تورکیەکە و ئەسڵە فڕەنسییەکە ساڵی ١٩٩٧ بەسەر یەکەوە لە لایەن دەزگەی چاپەمەنی ئاڤێستاوە دووبارە بڵاوکراونەوە، بڕوانە: Celadet Alî Bedirxan, *Kürt Sorunu Üzerine*, Avesta, Istanbul, 1997. هەمان نامیلکە لە لایەن زریان ڕۆژهەڵاتییەوە لە تورکییەوە کراوە بە کوردی، بڕوانە: جەلادەت عالی بەدرخان، *لەبارەی کێشەی کوردەوە. سەبارەت بە دوورخستنەوە و بڵاوەپێکردنی کوردان*، لە تورکییەوە وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، (٦٠ لاپەڕە). ئەم بڵاوکرایەوە وا پێدەچێ بڵاوکراوەی ژمارە ٧ بووبێت، چونکە لە بڵاوکراوەکەی دواتریشدا هەر نووسراوە بڵاوکراوەی ژمارە ٨، بۆیە بە هەموو بارێکدا دەبێ یەکێك لەم دوانەی دوایی بڵاوکراوەی ژمارە ٧ بێت.

[12] ئەم بڵاوکراوەیە بە عەرەبی و تورکیی عوسمانلی بەسەریەکەوە بڵاو کراوەتەوە، بەشە عەرەبییەکەی لا: ٣–١٥ و بەشە تورکییەکەشی بەناوی (*تورك عفو عمومیسی قارشیسندە کوردلر*) لە لاپەڕە ١٦–٢٤ بڵاو کراوەتەوە.

١- جڤاتا وەلاتییێ کوردا (خۆیبون)، *"خویبون"ك امریقادەکی کوردلرە بیاننامەسی*[١٣]، سرنیوەك، نومرو:٧١، ٢٠ حزیران، ١٩٢٨.

٢- بانگەوازی سورەیا بەدرخان بۆ ئینگلیز بۆ یارمەتی، ٣٠ حوزەیرانی ١٩٢٩.

٣- بانگەواز بۆ شۆڕش، ١٦ ی حوزەیرانی ١٩٣٢.

٤- بانگەوازی خۆیبوون بۆ عارف بەگ ئەفەندی، ٢٨-٨-١٩٣٢.

٥- نامەی خۆیبوون بۆ چەرچل، ١٢ ی ئاداری ١٩٤٣.

---

[13] **بۆ تەرجەمەی فرەنسیی ئەم بەیاننامەیەی بڕوانە:** *La Ligue national kurde Khoybun*, Documents recueillis, annotés et présentés par Jordi Tejel Gorgas, *Etudes Kurdes*, N° hors série III-juin 2007, Paris, pp: 47-50.
بۆ تەرجەمەی عەرەبیش بڕوانە: الدکتور عبدالستار طاهر شریف، *الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیة في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨*، ص: ٧٠-٧٣.



PUBLICATION
DE LA
LIGUE NATIONALE KURDE
HOYBOUN
No. 2

LES MASSACRES KURDES EN TURQUIE

LE CAIRE
IMP. PAUL BARBEY
1928

بەرگی کتێبی "قەتڵوعامی کورد لە تورکیا" بە فڕەنسی،
چاپی قاهیرە، ١٩٢٨

Avant l'Armistice

La question Kurde, les massacres sanglants en masse des Kurdes, sont des questions qui passent presque inaperçus aux yeux du monde civilisé parmi les évènements journaliers qui accaparent son attention et surtout grâce aux mesures rigoureuses et à la censure très sévère pratiquées par les Turcs pour couvrir leur crime.

En disant monde civilisé, c'est plus tôt les nations et non les gouvernements que nous voulons nommer. Car il est bien sûr que les grandes puissances mandataires qui sont établis aux frontières des champs de massacres sont, sans doute au courant de tous ces crimes jusqu'aux menus détails. Il ne se passe pas un jour sans que quelques Kurdes, ayant eu la chance de sauver leur tête de la hâche turque, ne se réfugient aux pays voisins et ne racontent à la frontière, pour obtenir le passage, leur malheur et le malheur national.

Mais une question Kurde n'existe point pour l'opinion publique civilisée, car cette opinion n'est point au courant de ces événements, ou bien les échos qui lui en parviennent sont très incomplets.

La question Kurde existe et continuera à exister, malgré tout, jusqu'à l'extermination du dernier Kurde, ou à l'affranchissement complet de cette nation séculaire de la tyrannie, des massacres et de l'esclavage. Le but de

لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە بە فەرنسی

بڵاوكراوەی

جڤاتا وەڵاتییێ كوردا



(خۆیبوون)

ژمارە ٢

قەتڵوعامی كورد

لە توركیا

قاهیرە

چاپخانەی پۆل-باربی

١٩٢٨

وەرگێڕانی دەقاودەقی سەر بەرگی كتێبە فڕانسییەكە

پێش ئاگربەس

کێشەی کورد، قەتڵوعامی خوێناوی دەستەجەمعیی کورد، ئەو پرسیارگەلەن کە بە بەرچاوی دونیای شارستانیخوازدا تێپەر دەبی لەناو ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانەدا کە سەرنجیان قۆرغ دەکات، بەتایبەت لە سۆنگەی هەنگاوی توندوتۆڵ و سانسۆری زۆر سەختدا کە تورکەکان پێڕەوی دەکەن بۆ داپۆشینی تاوانەکانیان، کەس ئاوڕیان لیٚ ناداتەوە.

ئێمە کە باس لە جیهانی شارستانی دەکەین، ئەوە زیاتر مەبەست لە نەتەوەکانە، نەوەکا حکوومەتەکان، کە دەمانەویٚ ناویان ببەین. چونکە ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە هێزە گەورە مانداتێرەکان لەسەر سنوورەکانی گۆڕەپانی قەتڵوعامەکان جێگیر بوون، ئەوانە بێگومان لە وردو درشتی ئەم تاوانانە ئاگادارن. ڕۆژ نییە چەند کوردێك، ئەوانەی کە شانسی ئەوەیان هەیە سەری خۆیان لەدەست تەوری تورك ڕزگار بکەن، خۆیان نەگەیەننە وڵاتانی دراوسیٚ و لەسەر سنوورەکان، بۆ ئەوەی ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان بدەن، بەدبەختی و سیاچارەیی نیشتمانیی خۆیان نەگێڕنەوە.

بەڵام پرسی کورد هەیە و بەردەوامیش وێڕای هەموو شتێك، تا ڕیشەکێشکردنی دوایین کورد، یا ئازادبوونی سەرلەبەری ئەم نەتەوە کەونارایە لە دەست ملهوڕی، ڕەشەکوژی و کۆیلەگەری هەر

دەمینێتـەوە. ئامـانجی ئـەم نووسـراوە بریتییـە لـە بەرچاوخـستنی کورتەیـەکی مێـژوویی پرسـی کـورد کـە دەیانـەوێ بـە ئـاگر و ئاسـن بیخنێکێـنن، هـەروەها بەشوێنداچـوونی ئـەو ڕووداوانـەی کـە لـە بنچینەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ نەتەوەی کورد مەحکووم بە مەرگ دەکەن.

ئێمە بەم کارە دەمانـەوێ بـۆ هـەتا هەتایـە مـافی ئـەم نەتەوەیـە بـۆ ژیـان سـەقامگیر بکـەین و پـەردە لەسـەر هۆکـارە ڕاسـتەقینەکان و بەربەرییەکان و خۆپەرستیەکانی ئەم قەتڵوعامانە هەڵبدەینەوە.

جاڕدانی مەشـرووتە لـە سـاڵی ١٩٠٨دا کـە واپێدەچوو لەسـەر داڕووخان دووبارە ژیان بکاتەوە بە بەری ئیمپراتۆریای عوسمانیدا و هێزێکـی زینـدوو بـە پیـاوە نەخۆشـەکەی ئـەورووپا ببەخـشێتەوە، ئەنجامەکـەی ئـەوەبوو کۆمیتـەی ئیتحـاد و تـەرەقی دەسـەڵات حکوومەتی گرتە دەست. تورکە-لاوەکان بە ناوی ڕزگارییەوە، بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی وڵات ئاڕاستەی ئەم دەزگا شل و شۆقەیان گرتە بندەست.

ئەم دارودەستەیە، لەوەدا بوو بتوانێ بۆ ماوەیەکی کورت ڕەوتی ڕووداوە جیهانییـەکان بوەسـتێنێ و بـە بـەڵێن و پرۆگرامـی دووبـارە ڕێکخستنەوەی ناوەوە و دەرەوە، بەدوای خۆیەوە ڕایان بکێشێ.

ئەورووپا بۆ ماوەیەك متمانـەی بـە ڕاستبێژیی ئـەم گفت و بەڵێنـە دووبارە ژیان بەخشە نیشان دا.

لـە نـاوەوە گفـت و بەڵێنـەکانی یەکسانی، ئازادییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان، بـەبێ جیـاوازیکردنی ڕەگـەز یـان ئـایین، بـوون بـە سـایەی زۆر ئاشـتبوونەوە و ڕق و ناکۆکییـە کۆنـەکان بـە تـەواوی فەرامۆش کران.

ڕای گشتیی جیهانی بۆ ماوەیەك باوەڕی بەوە هێنا كە ڕەگەزی مەنگۆل حكوومەتێكی شارستانیی پێشكەش بە جیهان دەكا. بەڵام ئەم ئاخاوتنانەی تۆرانیەكان كە لە بەرگی شارستانیخوازیدا خۆیان مەڵاس دابوو، لە ڕاستیدا پڕۆژەیەكی لە هەموان بەربەریانەتر و خوێناویتریان ئامادە دەكرد.

توركە-لاوەكان توخمێكی نوێ: "ناسیۆنالیزم"یان خستە وڵاتەوە. وەك دەڵێن توركە-لاوەكان دەیانەویست وەك شۆڕشگێڕە گەورەكانی ئەوروپا، چیتر گوێیان نە لە باسكردنی دەستووری سیاسیی كۆنی ئیمپراتۆریا: عوسمانیزم و نە لە سیاسەتی پان ئیسلامیزمی سوڵتان عەبدولحەمید بێت، ئەوان دەیانەویست بە سیاسەتی ناسیۆنالیزمی تورك جێگەیان بگرنەوە.

لەولای دیكەوە عوسمانیزم و پان-ئیسلامیزم بۆ خۆیان هیچ ئامانجێك دیكەیان نەبوو، جگە لە بە كۆیلەكردنی ڕەگەزە ناتوركە موسڵمانەكان و غەیرە موسڵمانەكان- بەرامبەر بە ڕەگەزی تورك. ئیمپراتۆریای عوسمانی لەوەتای دامەزراندنییەوە تا دوایین ڕۆژەكانی عەبدولحەمید، هەموو سیاسەتی ئیمپراتۆریانەی، بە تەنزیمات و خەتی هومایۆنیشیەوە، تەنها ئامانجی كۆیلەكردنی ڕەگەزەكانی دیكە بوو لەبەرامبەر ڕەگەزی توركدا و ئەم ئیمپراتۆریایە تەنها ئیمپراتۆریای ڕیاكاری و چاوبەستەگی بوو. هەموو ئەو جاڕدان و دووپاتكردنەوانەی كە لەو ڕێگەیەوە ئەوەیان زامن دەكرد بەرژەوەندی هەموو ڕەعیەتگەلی ئیمپراتۆریا بەبێ جیاوازی ڕەگەز یا ئایین زامن و پارێزراوە، تەنها قسەی سەرنجڕاكێش بوون، كە مەبەست لێیان شاردنەوەی بەدبەختیی ڕەگەزەكانی دیكەی ئیمپراتۆریا بوو لەبەر چاوی جیهانی شارستانیخوازدا.

نەتەوەی کورد، ئەو نەتەوەیەیە کە لە هەموان زیاتر گیرۆدەی دەستی ئەم ڕەوشە بوو و بە شێوەیەکی زۆر سەراسیمە ڕووتاندوویانەتەوە.

تورکە-لاوەکان بانگەشەی گەنجکردنەوەی ئەم ئیمپراتۆریا پیرەیان دەکرد، بەوەی وا ولاتێکی مۆدێرنی لێ دروست بکەن. بۆ ئەمە وایان پێ باش بوو کە پێویستە دۆگمی کۆنیی عوسمانیزم و پان-ئیسلامیزم بخەنە جێی ناسیۆنالیزم. بەڵام بەدبەختیەکەی ئەوەبوو کە تورکە-لاوەکان بە هیچ کلۆجێ لە ناسیۆنالیزم نەگەیشتن بەو ئاڕاستەیەی کە جیهانی شارستانی تێیگەیشتبوو و پێڕەوی دەکرد. تورکە-لاوەکان دەیانەویست تورکیایەك دروست بکەن کە ناتورکەکان، لە باکوورەوە بۆ باشوور و لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای ئەم دەوڵەتە، هیچ شوێنێکیان بۆ ژیان تێدا نەبێ و بیانخنکێنن.

بۆ ئەمە ڕێگەی پراتیکی بەبێ کێشەیان دۆزییەوە:

ڕەگەزە ناتورکەکانی ئیمپراتۆریا، ئەوانەی زۆر کێشەیان نییە، تورکیزە بکرێن و ئەوانی دیکەش قەڵاچۆ بکرێن.

ئەم بنچینەیەی سیاسەتی نیشتمانی کە لە لایەن تورکە-لاوەکانەوە دامەزرا، هێندە پێویستی نە بە کات، نە بە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی گەورە نەبوو بۆ ئەوەی لە لایەن هەموو تورکەکانەوە پەسند بکرێ. هەموو تورکێك لە ماوەیەکی کەمدا ئەم پرەنسیپانەی کرد بە ئینجیلی سیاسەتی نیشتمانیی خۆی.

ڕەگەزە پێکەوەبەند و ناتورکەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بریتیین لە: عەرەب، ئەرمەنی، ئەلبانی، یۆنانی، چەرکەس و کورد.

تواندنەوە و ڕیشەکێشکردن دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی باوەڕیان بەسەر ئەم ڕەگەزانە دا پیادە بکرێ. ڕەگەزە ناتورکە موسڵمانەکان

تواندنەوەیان ڕاگیرا. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ دەرفەتی ئەو پێوەندییە ئاییننیانە بقۆزرێتەوە کە لە نێوان ئەم ڕەگەزانە و تورکەکانا هەیە. ناتوانرێ بە تەواوی بیر لە تواندنەوەی ڕەگەزە نا موسڵمانەکان بکرێتەوە، چونکە فەناتیزمی ئایینی هەر دوو لا ئەم شیمانەیە دەردەهاوێژێ. کەوایە تەنها ئەوە ماوەتەوە کە قەڵاچۆکردن بەسەر ئەم ڕەگەزانەدا پیادە بکرێ.

ئێمە بە کورتی پرۆژەی تواندنەوە و قەڵاچۆکردنی تورکە – لاوەکان بۆ هەموو ئەم ڕگەزانە دەخەینە ڕوو.

عەرەب: هەرچەندە موسڵمانن بەڵام تواندنەوەی عەرەب لە لایەن تورک ئەو هێندەی تواندنەوەی ڕەگەزە مەسیحییەکان سەخت بوو. دروستکەری شارستانی لە ڕۆژهەڵات، خاوەن مێژوویێکی پڕ لە داگیرکردن. عەرەب، ڕۆمان و زمانەکەشیان زمانی لاتینی ڕۆژهەڵاتە.

تورك لەخوارتر، هەتا گەلێك لە عەرەب خوارتربوون، لە مێژوو، زمان، زانست و ئەدەبیات دا. ئیمپراتۆریای شەش سەدەی تورك تەنها بە شارستانیەتی عەرەب، زمانی عەرەبی، یاسای عەرەبی، کولتووری عەرەبی دروستبوو و بەڕێوەبردرا. ئیمپراتۆریای عوسمانی هەرگیز نەیتوانیوە لە سنوورەکانی لاساییکردنەوەیەکی ساختەی عەرەبی بچێتە دەرەوە.

کەوایە نابێ بەهیچ شێوەیەك بیر لە تواندنەوەی ئەم ڕەگەزە بکرێتەوە. تەنها قەلاچۆکردنیان لەبەردەمدا مابۆوە بەڵام ئەم گریمانەیەش بەهۆی ژمارە و ژیانی پێکەوەبەندیی عەرەبەکان بۆ خۆی کێشە بوو. ئەو دەم بڕیاریان وەرگرت وەبەریان بهێنن و هەرچی دەکرێ بەکاریان بهێنن و لەکاتی پێویستیشدا خۆیان لێ

ڕزگار بکەن بەوەی وڵاتە عەرەبییەکان لە ئیمپراتۆریا جیا بکەنەوە.، بەڵام هەرگیز بەچاوی یەکسان لەگەڵ تورکەکان سەیریان نەکەن، ئەم سیاسەتە تا کۆتایی پیادەکرا.

ئەرمەن: ئەم نەتەوە جەسوور بەڵام بەدبەختە لە سەرتۆپی لیستی ئەو نەتەوانە بوو کە دەبوو قەڵاچۆبکرێن. ئەو وەحشەتگەرییە بەربەریانەی کە ئەم بڕیارەی تێدا جێبەجێ کرا بە ئاشکرا لە هەموو دونیا ناسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەوە دووپات دەکەینەوە کە هەتا چاپکراوە ئەرمەنیەکانیش هەرگیز سەرکەوتوو نەبوون لەوەی نەخشەیەکی تەواوی ئەم کارەساتە بەدەستەوە بدەن. ئێمە بەهیچ کلۆجێ بانگاشەی ئەوە ناکەین کە ئێمە ئەم هەوڵەمان داوە.، ئێرە شوێنی باسکردنی ئەمە نابێتەوە. ئێمە لێرەدا هەموو هاوسۆزییەکمان لەگەڵ ئەم نەتەوە جەسوور و دەستە خوشکەی نەتەوەی خۆمان ڕادەگەیەنین و هیوای ئەوە دەخوازین کە هاریکارییەکی بەرفراوان کۆیان بکاتەوە هەر هیچ نەبێت لە دواڕۆژ بۆ خەبات دژ بە مافی زەوتکاران و مرۆکوژەکان کە بۆ هەردوو نەتەوە هەر یەکن.

ئەلبانی: تورک پێشتر دەستیان بە جێبەجێکردنی پلانی خۆیان کردبوو دژ بەوانە، وەختایەك جەنگی باڵقان بەهانایانەوە هات و لە حاکمییەتی تورک ڕزگاری کردن.

یۆنانی: هەرچەندە لە ئەرمەنییەکان کەمتر هاوبەندن، یۆنانییەکان ئەوانیش لەسەر لیستی ڕەشی ئەو نەتەوانەن کە دەبێ ڕیشەکێش بکرێن. ئەو هەست و سۆزەی کە لەگەڵ قەتڵوعامی ئەرمەنییەکاندا پەیدابوو، تورکەکانی ناچارکرد زۆر وریایانەتر هەڵسوکەوت بکەن.

تورکەکان یۆنانییەکانیان بە زەبری شمشێر خستە لایەکەوە، لە چاوەڕوانی ئەوەدا کە لە نزیکترین دەرفەتدا بە دەستەجەمعی قەلاچۆیان بکەن. پەیماننامەی لۆزان جەلادانی قوربانییەکان و قوربانی جەلادەکانیان ڕزگار کرد. ئەو یۆنانیانەی کە لە تورکیا مانەوە، تووڕیان دانە ئەودیوو سنوورەکان.

چەرکەس: ئەو نەتەوەی کە بەگوێرەی سەدەکان سیمای تەتەری ڕەگەزی مەنگۆلی شارستانیی جوانکردووە، لیستی تواندنەوە بوون. چەرکەسیانی نیشتەجێی تورکیا هەرگیز لە بنچینەدا نیشتەجێی ئەو وڵاتە نەبوون کە تێیدا دەژیان. ئەوانە پەناهەندەی قەوقاز بوون کە بە هەموو لایەکی تورکیادا پەرت و بڵاو بووبوونەوە. ئێمە دەبێ بۆ دادوەری و بۆ مێژوو ئەوە بڵێین کە ئەم نەتەوە چاکە بەهیچ شێوەیەك بۆ بەرژەوەندی تایبەتیی خۆی لە زێدی خۆی هەڵنەقەتراون، بەڵکوو ناچارکراوە و تێوەگلاون بەو هۆیەوە کە چارەنووسی خۆی بە تورکەوە بەستبۆوە دژی دوژمن و ئەرکی بەرگریکردن لە سنوورەکانی تورکی لەئەستۆ گرتبوو، کەوابوو پەناهەندە چەرکەسییەکان قوربانیی دەستی وەفاداریی خۆیان بوون لە بەرامبەر تورکدا کە بە کوشتوبڕ و تواندنەوە قەرەبوویان بۆ کردنەوە.

کورد: نەتەوەیەك کە لە هەموان زیاتر تورك چاوی تێبڕیبوو بۆ تواندنەوە، نەتەوەی کورد بوو. نەتەوەیەکی گەورەی موسڵمان کە لەوەتای ٤٠٠ ساڵەی حاکمییەتی تورك نوقمی نا و نەزانیی کردووە. لەکاتی ملکەچبوونی خۆویستانەیدا بۆ یەکەم خەلیفەی تورك، سەلیمی یەکەم، لەگەڵ شەرت و مەرجی تایبەتدا بۆ پاراستنی تەواوی داوودەزگەکانی و سەربەخۆییەکەی. کوردستان لە ١١

دەوڵەتی تەواو سەربەخۆ پێکهاتبوو. نەتەوەی کورد تەنها لەبەر هەستی ئایینی هاتە ژێر ئەم بارە.

شایانی گوتنە، کوردستان لەکاتی ملکەچبوونیدا بۆ سەلیمی یەکەم بەر لە چوار سەدە، خۆشگوزەرانی و ئاوەدانییەکەی لەگەڵ ئەو کولەمەرگی و نەزانییەی کە ئەمڕۆ تێیاندا نوقم بووە، بەراورد ناکرێن.

نەتەوەی کورد کە ئەوکاتە و ناسرابوو شارستانیەتێکی پێشکەوتوو، داوو دەزگەی زانستی، پیشەسازی، ئابووری و هی دیکەی هەبوو، بەرەبەرە گەورەیی خۆی لەدەست دا و کەوتە ناو شەوی تاریک. تورک چوار سەدە دەبێ پێی ناوەتە ناو خاکی پیرۆزی و هەمووشتێکی تێدا کوێر کردۆتەوە. تورک لەو ڕۆژەوەی کە پێی ناوەتە ناو نیشتمانی کورد، تەنها هەر دەستدرێژیی بەربەریانە دەکات بۆ سەر زمان، ناسیۆنالیتە، کولتوور و ئایینی کورد. بۆ دابەزینی کورد بۆ ئاستی خۆی، تورک مشووری ئەوەی خوارد کە هەموو ڕێگەکانی پێشکەوتن و فێربوون لە کورد بگرێ.

دەوڵەتە کوردییەکان یەک لەدوای یەک لەناو چوون و بوون بە قوربانیی دەسیسەی تورک و لەوکاتەی کە ساڵی ١٨٦٤ دوایەمین دەوڵەتی کوردی کە میرنشینی بۆتان بوو، کە توانیی تا ئەوکاتە بەرەنگاری بکات، دوای جەنگێکی شووم هەموو نیشتمانی کورد کەوتە ژێر دەسەڵاتداریێتیی تورک.

تورک کە بۆسەرچوو کورد بخاتە ناو نەزانیێکی تاریک و زمانی خۆی خستە ناو شارە گەورە کوردییەکان، هیوایەکی گەورەیان لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو کە بەسەرکەوتوویی کورد و کوردستان بتوێننەوە، لە کاتێکدا تا ئەو دەمە هەروەک کۆگەیەکی سەربازی بەکاریان هێنابوو. بۆ ئەمە تەنها چاوەڕوانی دەرفەتی شیاو بوون.

جەنگی گەورە، لە ڕەوشێکی زۆر لەباردا، دەرفەتی چاوەڕوانکراوی هێنایە پێشەوە. ئەو کاتەی تۆپەکانی جەنگی گەورە بریسکەیان لێوە هات، تورك دەستیان بە جێبەجێکردنی ئەو پلانە کرد کە لە سەردەمی ئاشتیدا دایان ڕشتبوو. مەبەست لەوە دەست بەکار بوون گرۆیەکی چوار تا پێنج ملیۆن مرۆیی قودرەتمەند، ساغڵەم، زیرەك و جەسوور بەبێ قەڵاچۆکردنیان لەبەین ببەن و تێکەڵاویان بکەن لەگەڵ ڕەگەزی تورکدا کە پێشتر ئاڵوودەی زەرەرو زیان، مەلاریا و دەردە باریکە... هتد بووبوون. کورد ڕووی لە لەناوچوون دەکرد و ئەم گرۆ پێنج ملیۆن کەسییە لە لایەن تورکەوە بەرەو تواندنەوە دەچوون. هەتا خەلیفە و سوڵتان محەمەد ڕەشادی پێنجەم یاسایەکی دە مادەییان لەمبارەیەوە ئیمزا کرد. بەگوێرەی ئەم یاسایە، کورد لە ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەر دەنران و ڕەوانەی هەرێمە تورکییەکان دەکران. دەبوو ئەم کوردانە بەسەر ئاواییە تورکییەکان دابەش بکرێن، بەجۆرێك هەر ڕێژەی لە 5%ی دانیشتوانی ئەسڵی پێك بهێنن.

بەگزادە، سەرۆکهۆزەکان دەبوو لەناو شارەکاندا دابنیشن و هەموو پێوەندییێك لەنێوان خۆیاندا و لەگەڵ کوردەکانی دیکەدا قەدەغەبێ.

تورکەکان بە ڕەفتارکردنیان بەمشێوەیە، بەهیوا بوون بگەنە ئەوەی بە تەواوەتی نەتەوەی کورد بسڕنەوە، بە تایبەت دوای یەك نەوە، ئەوکاتەی کە وەچەی تازە زمانی خۆیان لەدەست دەدەن. بە هەمان شێوە چالاکانە گەیشتنە ئەوەی کە نەتەوەی کورد لەناوبەرن و بیتوێننەوە و لە هەمان کاتدا جێگەی تورکە زیان پێکەوتووەکان، سیلاوییەکان بە ڕەگەزێکی نوێی ساغڵەم، بەهێز و جوان، بە ڕەگەزێکی شکۆمەندی ئاری پڕ بکەنەوە.

ئەم یاسایە بەشێوەیەکی پارچەیی (جزئی) خرایەکار. تۆمارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی موهیاجیرەکان لە کۆنستانتینۆپل ٧٠٠٠٠٠ کوردی تۆمار کردووە کە لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵکەندراون. بەڵام هەمان ئەم تۆمارانە لەبەرامبەر چارەنووسی ئەم موهاجیرانەدا متەقی لە خۆی بڕیوە. ئێمە لێرەدا تکا لە بەڕێوەبەرایەتیی موهاجیرەکان دەکەین ئەو چارەنووسە ترسناکە ئاشکرا بکات کە ئەم موهاجیرانە پێی گەیشتن.

تورك ویستیان کورد هاوشان لەگەڵ قەتڵوعامی ئەرمەنییەکاندا، دەربەدەر بکەن، بەڵام نەبوونی ئامراز و ڕێگە و ئەو لێکهەڵوەشاندنەوەیەی کە لە سۆنگەی جەنگەوە تووشی ببوون، بوون بە کۆسپ و زۆر بە ناتەواوی توانییان پلانەکەیان تەواو بکەن.

ژمارەیەکی زۆر موهاجیری کورد لە ڕێگە لە برسان، لە سەرمان و بەهۆی نەخۆشییەوە مردن، بەشێکی زۆریشیان لەژێر سەرەنێزە و تەوری ئەفسەر، ژەندرمە و کۆمیتەکانی تورکدا لەناو چوون.

ئەوانەی لەکاتی جەنگدا بە چیای تۆرۆسدا تێپەڕیون، دەبێ ئەوە گردە لاشەی مرۆیانەیان وەبیربێتەوە کە یەك لەسەر یەکتر کەڵەکە کرابوون. ئەوانە ئەو موهاجیرە کوردانە بوون کە بە کۆمەڵ مردبوون، قوربانیی برسێتی، کولەمەرگی و نەخۆشی بوون. ئەوانەی کە لەم دەورانەدا بە مووسڵدا تێپەڕیون دەبێ ئەوەیان وەبیربێ کە گارییەکانی* شارەوانی ڕۆژانە بیست تا پەنجا لاشەی کوردیان دەگوازتەوە.

کوردە موهاجیرەکانی مووسڵ لە لایەن ئەو کارمەندە تورکانەوە ڕێبەری دەکران کە لە ئەنجامی تێکشکانی تورکەوە سەریان لێ

* گاری: charrette واتە عەرەبانەی دەستی.

شێوابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیانەویست و هەر سووربن لەسەر ئەوەی کە پرۆگرامی نیشتمانییان جێبەجێ بکەن، بەوەفا لەمەدا بۆ پرۆپاگەندە و گاڵدانی تەشکیلاتەکانی پان–تورك.

ڕاستیەکەی ئەوانە بەم کارەیان، پێچەوانەی بەشێکی ڕێنوێنیەکان جووڵانەوە کە بۆیان هاتبوو، ئەنجامەکەی بریتیبوو لە قەتڵوعام بە زیندوویی، واتە سڕینەوەیان.

ئەفسەرانی سوپای تورك، ئەوانەی کە ویلایەتی تەبریزیان داگیر کرد بە پێشێلکردنی بێلایەنیی ئێران، بەو تاڵان و بڕۆیەی ناو هەموو ئەو شارانەی کە پێیاندا تێپەڕبوون، خۆیان پێ دەوڵەمەند کرد و لەسەر سینەی هێشتا خورپەداری کچانی گەنجی قەتڵوعامکراوی ئەرمەنییەکان هەمیشە لەکاتی عەیش و نۆشی خۆیاندا ئەوەیان دەوتەوە:

لەکاتی هاتنمان زۆ[*]– یەکانمان ڕیشەکێش کرد و لە گەڕانەوەشدا خۆمان لە لۆ[**][14]–یەکان ڕزگار دەکەین.

دواجار ئاگربەسی مۆدرۆس، وا پێدەچوو جاڕی کۆتایی هاتنی بەربەریەتی ئەهەریمەنانەی تورك بە مرۆڤایەتی ڕابگەیەنێ و بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی بەم وێرانکارییە بهێنێ.

---

[*] ZO

[**] LO

[14] زۆZO و لۆLO دەربڕینیەکانی ئەرمەنی وکوردین و زۆر بڵاون لەناو هەردوو زماندا و بە نزیکەیی لە تورکیادا هاوواتای ناوەکانیان دەگەیەنێ.

دوای ئاگربەس

تا ئێرە هەوڵمان دا تابلۆیەکی زۆر کورتی سیاسیی قەتڵوعامی ڕەگەزە غەیرە تورکەکان نیشان بدەین کە لە لایەن دارودەستەی ئیتیحاد و تەرەقییەوە جێبەجێ کراوە، بە ئامانجی دامەزراندنی تورکیایەکی تەواو تورک کە ڕێگە بۆ پێکەوەنانی ئیمپراتۆریایەکی گەورەی تۆرانی خۆشبکات.

بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی تەواومان لەبارەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆوە هەبێ، دەبێ چاوێك بەو ڕووداوانە بخشێنین کە لە ماوەی ئاگر بەسدا ڕوویان داوە. لەگەڵ مۆرکردنی ئاگربەسدا، سەرۆکی ئیتیحادییەکان لە زۆر شاری هەمەچەشنەی ئەوروپادا بە دەستی عەدالەت و جەسوورانەی ئەرمەنییەکان گەیشتن و کۆنستانتینۆپۆل یان جێهێشت و سەرۆکی دووەم پلان خۆیان شاردەوە و جڵەوی حکوومەت بە دەستی چەند کەسێك سپێردرا کە کەم و زۆر وا پێدەچوو بێلایەن بن.

دوای داگیرکردنی کۆنستانتینۆپل لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە، کوردەکان وەك هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی عوسمانی بە پەرۆشەوە بوون، بە تایبەت بۆ پرنسیپەکانی سەرۆك ویلسن، خۆیان بە وەرگێڕەوەی بەوەفای هۆشیاریی نەتەوایەتی دەزانی و دەنگ و داخوازینامەی مافی سەربەخۆیی و ژیانیان بەرز کردەوە. ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا خواستەکانی هاوخەباتەکانیان بخەنە بەردەم کۆمیسێری بەرزی هاوپەیمانەکان و کۆمسیۆنی بەدواداچوونی هاوپەیمانەکان.

له هەموو لایەکەوە لە کوردستان ڕێکخراوە کوردییەکان پێکهاتن و پێوەندییان بەوەی کۆنستانتینۆپلەوە کرد.

بەلام لە هەرێمەکانی کوردستاندا، دوور لە هەژموونی هاوپەیمانەکان، کوردەکان دوو دڵ نەبوون لەوەی وا پڕبەدەنگیان هاواری داخوازینامەی نەتەوایەتییان بکەن. دواجار وەفدێکی کوردی لەبەردەم کۆنفرەنسی ئاشتیدا لە پاریس بە ڕەسمی داوای سەربەخۆیی کوردی کرد. پەیماننامەی سیڤەر بە دروستکردنی کوردستانێکی چکۆلە و مەرجیدار وەڵامی داخوازینامەکانی کوردی دایەوە. بەلام هەتا ئەمەش بەدی نەهات و شکستی یۆنان پەیماننامەی سیڤەری پارچە پارچە کرد و پەیماننامەکە بە سەرەنێزەی کەمالیستەکان بوو بە پارچە پەڕەیەکی کاغەز و پەیماننامەی لۆزان* شوێنی گرتەوە، ئەمانە لەو ڕووداوگەلانەن کە هێندە لەبەردەم دیدەدا ئامادەن هیچ پێویست ناکات پێیان لەسەر دابگرین.

---

* پەیماننامەی لۆزان دوای چەندین مانگ گفتوگۆ و سازشکاری، ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ لە لۆزان لە نێوان تورکیا لە لایەك و بریتانیا، فڕانسا، ئیتاڵیا، بریتانیا، ژاپۆن، یۆنان، ڕۆمانیا، شانشینی سێربیا، کرواتیا، و سلۆڤانیا لە لایەکی دیکەوە مۆر کرا. پەیماننامەی لۆزان داننانی ڕەسمی بوو بە حکوومەتی ئەنقەرەدا و سنووری تورکیای نوێی دیاری کرد. پرۆسێسی گۆڕینەوەی تورك و یۆنانی دەستیپێکرد (1,6 ملیۆن یۆنانیی عوسمانی لە بەرامبەر ٣٨٥٠٠٠ موسڵمانی یۆنانیدا) گۆڕدرانەوە. هاوپەیمانەکان دەستبەرداری پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و سەربەخۆیی ئەرمێنیا بوون و کۆنترۆڵی هاوپەیمانەکان بەسەر دارایی و هێزی سەربازیی تورکیاوە هەڵوەشێنرانەوە. هاوکات تورکیا پەیماننامەی قارسی لەگەڵ حکوومەتی شورەویدا مۆرکرد و ڕووسیا هەموو ئەو زەوی‌و زارانەی کە لە ساڵی ١٨٧٨وە داگیری کردبوون و بە قەد پانتایی سوێسرە دەبوون و بە پلەی سەرەکی جۆرجی و ئەرمەنییەکانی تێدا دەژیان، بە تورکیای دانەوە. وەرگێڕ.

لە ئاگربەسەوە تا ساڵی ١٩٢٢، ناسیۆنالیستە تورکەکان ناچار بوون پلانی قەتڵوعام و تواندنەوەمان ڕابگرن. تورکیا جگە لە کورد، هیچ توخمێکی دیگەی هاوڕەگەزی غەیرە تورکی تێدا نەمایەوە.

ئەوە ڕاستە کە پلانی ئەو کردەیەی وا چارەنووسی کوردی دیاریدەکرد، پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو و بەشێکیشی جێبەجێ کرابوو، بەڵام مایەوە سەر ئەوەی کە لەوە بکۆڵرێتەوە ئەگەر دەبێ ئەم پلانە سەرلەبەری جێبەجێ بکرێ یا دەبێ بەگوێرەی ڕووداوەکان دەستکاری بکرێ. ئەوە لەسەر کەمالیستەکان، ئەو ئیتیحادیانەی دووەم پلان پێویست بوو، کە پلانی یەکەمیان جێبەجێکردبوو، بۆ ئەوەی بڕیارێك لەو بارەیەوە دەربکەن. بە هیچ کلۆجێ دوودڵ نەبوون لەوەی ئەوە قەبووڵ بکەن کە دەستکاریکردنێك پێویستە. تواندنەوەی کورد لە ئێستەوە دەبێتە خەون و خەیاڵ. هۆشیاری نەتەوەی کورد لە خەوی قووڵی ڕادەبێتەوە، تەواو بەرز و ئەوهێندە بە دەنگی بەرز هاوار دەکات کەوا چیتر پرۆژەی تواندنەوەی خۆی لەبەردا ناگرێ. ئەم هاوارە هەتا لەژێر گومەزی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی ئەنقەرەشدا دەنگی دایەوە. سەرەڕای کە ئەم ڕووداوە ناخۆشەی ئەم ئەندام پەرلەمانە ئەلبانییەی وا شەقازللەیەکی خواردبوو لەسەر ئەوەی کە وێرابووی لە پەرلەمانی عوسمانیدا بە ناوی ئەلبانییەکانەوە قسە بکات، هێشتا ئەوە لەناو یادەوەریدا زیندووە کە، ئەندام پەرلەمانێکی کورد لە ڕووی ئەندام پەرلەمانێکی تورکدا لە ئەنجومەنی نیشتمانیی ئەنقەرەدا کە وتبووی، ((هەقی قسەکردن لەسەر ئەم تریبۆنە تەنها بۆ تورکەکانە)) لە بەرزیی هەمان تریبۆنەوە هاواری کردبوو: ((من ئەوە ڕاستدەکەمەوە کە، هەقی قسەکردن لەسەر ئەم تریبۆنە هی تورك و کوردەکانە، چونکە ئەم

وڵاته هی تورك و كورده)). له چەند گفتوگۆیەكی دیكەدا كە دەرفەت بۆ هەمان ئەندام پەرلەمانی كورد هاتبووە پێشەوە، بە دەنگی بەرز داوای ماڤ كوردی كردبوو. كەمالیستەكان بەرگەی ئەم هاوارانەیان گرت، بەڵام بڕیاریان وەرگرت كە بەڕاستی سیستەمەكە بگۆڕن: نەتەوەی كورد بە قەتڵوعام مەحكوم كرا، تواندنەوە چیتر پراتیك نەبوو، دەبێ كوردەكان وەك ئەرمەنییەكان قەلاچۆ بكرێن كە هەر بە ئایین لەوان جوداوازن. ئەم كوردانە كە تەنها بە بەراورد لەگەڵ بۆهیمییەكان موسڵمانن[15]، دەبێ لەناو ببرێن و بەمشێوەیە گەورەترین كۆسپ لە نێوان ئەنقەرە و تۆراندا بۆ هەتا هەتایە لەناودەچێ.

دوای بە توركردنی ئارارات، توركەكان بەهیوای ئەوە بوون دەستی ئالیكاری بۆ دانیشتوانە توركەكانی هەرێمەكانی تەبرێز لە ئێران ڕابكێشن و هەرگیز لەوە دا نائومێد نەبوون كە دواڕۆژ لەوێش لەشكركێشییەك بكەنە سەر ڕەگەزی فارس.

ئەم خاڵە هەتا پێشتر سەرەتاكەی دەستپێكرابوو و سەرۆكی سوپای لەشكركێشیی تورك كە دوای پەیماننامەی برێست-لیتویسك[16] پەلاماری ئازەربایجانی دا، پێوەندیی بە بەگزادەكانی

---

[15] **پەندێكی توركییە.**

[16] **پەیماننامەی بریست-لیتویسك لە ٣ ی ئاداری ١٩١٨ لە نێوان حكوومەتی ئاڵمان و حكوومەتی ساوای بۆلشەویكدا مۆر كرا. ڕاستییەكەی لە سەرەتای ساڵی ١٩١٧ ەوە خەڵكی ڕووسیا داوای كۆتایی هاتنی جەنگیان دەكرد. ٧ی نۆڤەمبەری ١٩١٧ ترۆتسكی، وەك كۆمیسێری كاروباری هەندەرانی گەلان داوای لە هاوپەیمانەكان و ئەڵمانیا كرد پەیماننامەیەكی ئاشتی مۆر بكەن. بۆ ئەڵمانیا مۆركردنی پەیماننامەیەكی ئاشتی مانای ئەوەبوو هەموو هێزەكانی خۆی لە بەرەی ڕۆژئاوا چڕ بكاتەوە. ٩ی كانوونی یەكەمی ١٩١٧ مفاوەزە لە نێوان ئەڵمانیا و بۆڵشەویك دا دەستیپێكرد، بەڵام بۆڵشەویك هەرگیز بە مەرجەكانی ئەڵمانیا ڕازی نەبوو. دواتر پاش هێرشی ئاڵمان بۆ سەر ڕووسیا، ڕووسەكان**

وڵاتەوە کردبوو و لە هاریکاریکردنی ئەوان-دژ بە ئێرانییەکان- بۆ دواڕۆژ، بۆ ئەوکاتەی مەبەست کردنەوەی ڕێگەی تۆران بێت بەناو ئێراندا، دڵنیا کرابۆوە.

هیچ شتێك نەبوو بەرامبەر بە عەبقەریەتی شەڕخوازانەی تورك بوەستێ. تورکیا بەشێوەیەکی تایبەت لە سایەی شوێنە جوگرافیەکەیەوە هەر سەدەیەك بەفریای دەکەوت، هەتا لە لایەن دوژمنە کۆنەکانی خۆشییەوە. سیاسەتی لە ڕیشەدەرکێشانی ڕەگەزی کورد، دوای ئەوەی هەموو ئەو قۆناغانەی بڕی و دەستپێکی جێبەجێکردنەی هات، ئەمڕۆ شێوەیەکی سیستماتیکی بەخۆیەوە گرتووە.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، ئێمە ئەوە زیاد دەکەین کە تورك سەرمەست بە پەیماننامەی لۆزان، وایان هەست دەکرد سەرداری هەموو جیهانن و تەنها ئەوەیان مابوو کۆتایی بە پاکتاوکردنی ڕەگەزە ناتورکەکانی ئەودیوو سنوورەکانیاندا بهێنن. بەڵام پێش ئەوەی دەست بە قەتڵوعامی کوردەکان بکەن، تورکیا خۆی لەوەدا دەبینییەوە بە ناچاری کێشەیەکی گرینگ چارەسەر بکات کە بەدەستییەوە گیرۆدە بوو، ئەویش کێشەی ویلایەتی مووسڵ بوو، کە زۆر بە بەرفراوانی پێوەندیی بە قەتڵوعامی کوردەوە هەبوو. تورکیا لەوە دەترسا بەرەو ڕووی بەرەنگارییێکی سەرسەختانەی کورد

ناچار بوون مەرجەکانی ئاڵمان قەبووڵ بکەن و پەیماننامەکە لە ٣ی ئادراردا مۆر بکەن. بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە بەشێکی بەرفراوانی خاکی ڕووسیا: ئۆکرانیا، بیلۆ ڕووسیا، وڵاتانی بەڵتیق و پۆڵۆنیا بە ئەڵمانیاوە لکێنران و دەبوو ڕووسیا قەرەبووی ٩٤ تەن زێڕ بۆ ئەڵمانیا بکاتەوە. لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەڵمانی و ئاگربەسی ١١ی نۆڤەمبەری ١٩١٩دا، پەیماننامەکە بە تەواوی بیٚ کەلك بوو و دواتر لە ماوەی جەنگی ناوخۆیی ڕووسیادا، سوپای سوور ئۆکرانیا و بیلۆ ڕووسیای ڕزگار کرد، وەرگێڕ.

ببێتەوە، کاتی جێبەجێکردنی قەتڵوعام و پێش ئەوەی دەستپێبکات دەیەویست هەموو دەرفەتێك بۆ بەهاناوە هاتنی کوردەکان لەدەوەڕا نەهێڵێ. بێلایەنیی فڕانسا پێشتر لە ڕێگەی پەیماننامەیەکەوە* کە لە ئەنقەرە مۆرکرابوو، زامنکرابوو. هیچ جێگەی گومان نەبوو کە لایەنەکەی دیکە هەرکێیەك بێت، فڕانسا ڕێز

---

* مەبەست لەم پەیماننامەیە، پەیماننامەی فڕانکلین–بۆیۆن–ە، کە پەیماننامەی ئەنقەرەشی پێدەڵێن. فڕانسا دوای ئەوەی نەیتوانی لە پەیماننامەی سێڤەر دا بەرژەوەندییە کۆڵۆنیالیەکانی خۆی وەکوو پێویست بپارێزێ، بۆیە هەر لە مانگی دیسامبەری ۱۹۲۰وە، ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لەناو پەرلەمانی فڕانسادا دژی پەیماننامەی سێڤەر دروست بوو و چەندین جار قسەکەری Chappedelaine لەناو هۆڵی پەرلەماندا داوای کرد فڕانسا بە ڕەسمی واز لە پەیماننامەی سێڤەر بهێنێ و لە حکوومەتی ئەنقەرە نزیك بکەوێتەوە. فەڕەنسا بۆ ئەوەی باشتر شوێن پێی خۆی لە سووریا قایم بکات، لە سیلیس کشایەوە و لە مستەفا کەمال نزیك بۆوە. فڕانسا هەرگیز بەوە ڕازی نەبوو بریتانیا بەگوێرەی پەیماننامەی سان ڕیمۆ بەشی گەورەی دەستکەوتەکان بۆ خۆی ببات. ڕووداوەکانی دوای پەیماننامەی سێڤەر: شکستی داشناك و سەرکەوتنی سوپای سوور بە تەواوی لە قەوقاز و زەریای ڕەش، ڕەوتی ڕووداوەکانیان گۆڕی و گورزێکی گەورەیان لە پەیماننامەی سێڤەر وەشاند و دواتریش سەرکەوتنی مستەفا کەمال بەسەر یۆنانییەکان لەسەرەتای ساڵی ۱۹۲۱ ئیتاڵیا و فڕانسای بەتەواوی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە بەتەواوی لە پەیماننامەی سێڤەر بکشێنەوە. دوای شکستی کۆنگرەی لەندەن، فڕانسا ویستی بە تەنیا لە مستەفا کەمال نزیك بێتەوە. فرانکلین–بۆیۆن لە ئەنقەرە دەرگەی وتوویژی لەگەڵ کەمالییەکاندا کردەوە. ۲۰ی ئۆکتۆبەری ۱۹۲۱ پەیماننامەی ئاشتیی فڕانکۆ–تورك لە نێوان فراکلین–بۆیۆن و یووسف کەمال بەگی وەزیری هەندەرانی حکوومەتی مستەفا کەمالدا مۆر کرا. بەگوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە هەردوو وڵات حاڵەتی شەڕ ڕادەگرن و فڕانسا بە تەواوی دەستبەرداری پەیماننامەی سێڤەر دەبێ و ئەمە یەکەم گورزی گەورە بوو بەر "کێشەی کورد" کەوت. بۆ زانیاریی بەداوێنتر لەمبارەیەوە، بڕوانە:

Najat Abdulla-Ali, Empire, *frontière et tribu. Le Kurdistan et le conflit de frontière turco-persan (1843-1932*), Université de Paris X, Paris, 2006, pp.452-456.

لە ئیمزای خۆی دەگریٚ. بەشێوەیەك سنووری سووریا بۆ هەموو ئالیکارییێك کە هەوڵبدریٚ لەم لایەوە بە کورد بگات، تەواو لە کورد داخراو بوو. بەڵام مادام کێشەی مووسڵ بەبیٚ چارەسەر مابۆوە، هەقیان بوو مەترسیی ئەوەیان هەبیٚ کە ئینگلیز وێرای ئەوەی وا ڕاستەوخۆ یارمەتیی کوردی نەدەدا، کەچی چاو لەو یارمەتیانە دەقووچێنێت کە بۆ کوردەکان دەنێردرێن. بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتن دەبوو کوردەکان گۆشەگیر بکرێن، بەبیٚ هاوڕیٚ، بیٚ هاوپشت، بەبیٚ کۆمەگ بمێننەوە، دەبوو زامنی دەسەڵات بکریٚ و قوربانیانی کورد هەر بە دەستی جەلادەکانی خۆیان لەناو ببرێن، لە هەموو جۆرە ڕێگەو ئامرازێکی بەرەنگاربوونەوە بێبەش بکرێن، وەکوو نوغرۆبوویکی ناو ئۆقیانووس، هەتا بیٚ ئەوەی چیلکە دارێکیش هەبیٚ بۆ خۆ پێوەگرتن.

سەردارەکانی ئەنقەرە لێیان کۆڵییەوە و بڕیاریان دا. بۆ ئەوەی بتوانریٚ بەبیٚ زیان دەست بە ڕیشەکێشکردنی کورد بکریٚ، دەبوو تورکیا قوربانی بە داخوازینامەکانی تورك بدات لەسەر مووسڵ، بە تایبەت کە بەشی زۆری دانیشتوانی ئەم هەرێمە کورد بوون، کە ئەگەر تورکیا بگاتە ئەوەی بۆ خۆیی بهێڵێتەوە، ئەوا تەنها زێدەکارییێك بۆ خۆی پەیدا دەکات. چونکە دەبیٚ ئەوکاتە ئەو دانیشتوانانەش بخاتە سەر ئەوانەی وا پێشتر بۆ قەتڵوعام دانراون. ئەم بڕیارە لە لایەن ئەنقەرە جێبەجیٚ کرا. دوای بەرەنگارییێکی بە هات و هاوار و پێویست بۆ پاراستنی ڕواڵەتی کێشەی مووسڵ بەگوێرەی ئەو پلانەی کە ئەنقەرە بڕیاری لەسەر دابوو، چارەسەر کرا. لەمەودوا هیچ هۆیەك نەمابوو بۆ ئەوەی دوودڵ بن و دوای بخەن.

دەبێ بەهۆی تۆپخانە، چەك، شمشێر، تەور و ڕمەوە دەست بە ڕیشەکێکردنی کورد بکرێ، ئەو کارەی وا بەبێ دواکەوتن کرا. نیشانەی جێبەجێکردن، قەدەغەکردنی تەواوەتی قسەکردن بوو بە کوردی لە کوردستان. بەگ، سەرۆکهۆز، شێخ، ئاغای کورد دەستگیر کران و لە وڵاتی خۆیان وەدەر نران. ڕووناکبیرانی کورد هەمان چارەنووسیان خرایە بەر. هەموو ئەمانە بەرەو هەرێمە تورکییەکان ڕاپێچ کران، بەڵام کەمبوون ئەوانەی گەیشتنە جێگە. کێڵگە، چیا، دارستان پڕ بوون لە لاشەی پارچەپارچەبووی شەهیدانی کورد کە شوێنی لاشەی ئەرمەنیەکانیان گرتەوە کە وا پێشتر لە لایەن ئاژەڵە کێوییەکانەوە هەڵلووشرابوون و بە لەزەتەوە خورادبوویانن.

قەتڵوعام- شۆڕش

لەم بەشەدا دوای بە کورتی باسکردنی ڕەوشی بەسەرهاتەکانی کورد کە چەندین سەدەیە لەژێر نیری تورکدا دەناڵێنێ، پێوەندیەکانی چەوسێنەر و چەوساوە، ئێستە دەچینە سەر ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ئێستەمان.

شۆڕشی کورد دژ بە حاکمییەتی تورک، بە قەد ئەم حاکمیەتەی تورک کۆنە. ئەم شۆڕشانە هەر شێوەیەکیان وەرگرتبێ بەگوێرەی ئەو ناوچانەی کە لێیەوە بەرپا بوون، ئامانج هەرگیز نەگۆڕاوە: ڕزگاربوون لە تۆقی ملهوڕی و سەربەخۆیی نیشتمانی بووە.

بەبێ ئەوەی هیچ گومان لەوە بکرێ کە ئەم خەباتی سەربەخۆییە ئەو ڕیکلامەی بۆ نەکرابێ کە شایستەی بێ، ئەم شۆڕشانە شێوەی شکۆمەندیی مێژووی نیشتمانپەروەرییان بەخۆوە گرتووە. بەڵام ئەم

خەباتـە قارەمانانەیـە بـە هـیچ شـێوەیەك نەگەیـشتۆتە دەرەوە، یـان گەیشتووە، بەڵام هێندە شێوێندراوە کە جیهان بە هیچ شێوەیەك لە پیرۆزیـی ئـەم خەباتـە حـاڵی نابێـت. دێرسـیم کـە چـوار سـەدە دەبـێ هــەرگیز چــەکی دانــەناوە، نموونەیــەکی درەوشــاوەی بــەردەوامی نیشتمانپەروەریی کوردمان دەداتێ.

ئـەو خەباتـەی کـە لـە مـاوەی هەشـت مانگـدا لـە لایـەن ڕێبـەرانی بوهتانەوە دژی سوڵتان عەبدولمەجید پشتگیریی لێوە کرا، شکستی خوێنـاوی کـە فەیلـەقی یەکـەمی لەشکرکێشیی تـورك چەشـتی، ئـەم لاپـەڕەی شـانازی و خۆڕاگرییـە هـەمووی بـە نەناسـراوی ماوەتـەوە، وێڕای ئەوەی کە تورك ئـەم شـەڕانەیان تـا هـەتا هەتایە بە "میدالیای کوردستان" کە دروستیان کردووە، یاداشت کردووە ئەگەر بمانـەوێ چەند بارە نموونەی ئـەو جـەنگ و شۆڕشانە بهێنینیـەوە کـە لـە لایـەن کوردەکانـەوە دژی تـورك کـراون، ئـەوا ئـەم نووسـراوە بـەش ناکـات، چونکە دەتوانین ناوی هەزارانیان بژمێرین.

بـەڵام ئـەوە بـۆ کـورد زۆر سـەختە کـە تورکـەکان تـا ڕادەیـەك لـە دەرەوە توانیویانە هەموو خەباتی ئازادیخوازی کورد بۆ ڕای گشتیی جیهـانی، وەك کـردەی چـەتەگەری و هـەموو ئـەو پاڵەوانانـەی کـە لـە گۆڕەپـانی شـانازیدا کـوژران وەکـوو ڕێگـر بناسـێنێ. بڕێـكجـار زۆر لــەوەش زیــاتر ڕۆیــشتوون، بــەڵکوو کوردیــان بــە قــەتڵوعامی ئەرمەنییـەکان گوناهبـار کـردووە، ئـەو قەتڵوعامـەی کـە لـە لایـەن سیاسەتوانەکانەوە بیری لێکرایـەوە و لێی وردبوونەتـەوە و لـە لایـەن عەسکەری تورکیشەوە جێبەجێ کراوە.

ئەگـەر بەڕێکـەوتیش دەنگێـك بـەرز بێتـەوە بـۆ ئـەوەی داکـۆکی لـە کورد بکات، ئـەوا بێشـەرمیی تـورك دێـت و ئـەوە دووپـات دەکاتـەوە

کە کورد موسڵمانن و بەتەواوەتی تورکن و لەگەڵ تورک یەک یەکەی لێک جیانەکراوەن. هەتا یەکێک لە هەرە کۆنە دیپلۆماتەکانی تورک، وەزیرێکی زۆر کۆنی هەندەران و سەرەک وەزیر، لەبەردەم کۆنفرەنسی ئاشتیدا پاشەکشەی لەوە نەکرد کە کوردەکان بکەری بەرپرسیاری هەموو قەتڵوعامی: کۆن و نوێی ئەرمەنیەکان بن. ئایا نەدەبوو ئەم کۆنە دیپلۆماتەی عوسمانی، ئەوی نەتەوەیەک هەتک دەکات کە وەک نەتەوەی برا ناوی ناوە، لەماوەی هەموو ئەم کاروبارانەی نیو سەدەی دواییدا؟

کۆماری ئەمڕۆی تورکیا، ئیمپراتۆریای عوسمانیی دوێنێ، هەر چەشنە شێوەیەکی حکوومیی تورکیی دواڕۆژ، هەمیشە لەگەڵ ئەوەدان کە هەرگیز شوێنێک بۆ کورد لەبەر خۆرەتاو دیاری نەکەن.

باوەڕکردوو بەم ڕاستییە، بە ئەزموونی چوار سەدە و بە خوێنی ڕژێنراوی سەدان هەزار قوربانی، کورد تەنها خوازیاری حکوومەتێکی نیشتمانییە و بە تووڕەییەوە هەموو حکوومەتێکی تورکی ڕەتدەکاتەوە!

هەموو ئەم فۆرمانە لە بنەواندا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕن و هەر وەک خۆی دەیهێڵنەوە: کورد نابێ شوێنێکی لەبەر خۆرەتاو هەبێ... بە هەموو ئامرازو ڕێگەیەک، بە کوشتن و بوختانیش بێ هەر دەبێ لێی بێبەش بکرێ. تورک لەمەدا وەفادار بۆ سیستمی خۆی، بە هەمان شێوە شۆڕشیساڵی ١٩٢٥ یش دەشێوێنێ کاتێک پێی دەڵێ "ڕاپەڕینی چەکدارانەی شێخ سەعید". ئێمە لێرەدا بەمبۆنەیەوە ئەم مومارەسە دووڕووانەیان، چەکی کۆنینەیان کە ڕیاکارییە، دەخەینە بەرچاو.

کۆنووسی دادگە کاتی ئیستیقلالی تورک، مورافەعەکانی دادسەرا، مەحکوومکراوەکانی لەسێدارەدان، هەواڵنێری ڕۆژنامەکان، دواجار هەموویان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەم شۆڕشە بۆ ئیدیالی کوردستانێکی سەربەخۆ بووە.

تورک لە ئەورووپا ئەو قاوە بڵاو دەکەنەوە کە ئەمە کاردانەوەی فەناتیزمی (دەمارگیری ئایینی) کوردە کە، سەرسەختانە دەیەوێ لەناو تاریکیدا بمێنتەوە. لەناوەوە پێیان وایە زۆر وریاترە ڕاستیی حەقیقەتی شۆڕشەکە بڵاو بکەنەوە. ئامانجی کەمالیستەکان لەم دوو یارییەدا هەڵهێنانی زۆر ئاسانە. بە بڵاوکردنەوەی حەقیقەتی شۆڕشی کورد لە بەرامبەر تورکەکان، بەر لە هەموو هاوپەیمانێتییێك لە نێوان کورد و ناڕازیانی تورکدا دەگرن، دڵنیا لەوەی کە لەبەرامبەر ڕقی کورددا، هەموو ڕقێکی دیکە نامێنێ و یەکیەتیی پیرۆزی تورك زامن دەبێ.

لەگەڵ ئەورووپادا بە پێچەوانەوە، دەبێ ڕووداوەکان بشێوێندرێن، پێیان نیشان بدرێ کە کورد وەکوو بەرهەڵستکارێکی سووك و چرووکی شارستانی وایە، خەڵکانی دەمارگیر (فەناتیك)، تالانچیی بێبەش لە هەموو ئیدیالێك، بۆ خەلیفە و خەلافەت شەڕ دەکەن. ئامانج لەمەدا: ڕێگە گرتنە لەوەی کەوا ڕای گشتیی جیهانی بیروڕایەکی تەواو ڕاست و دروستی لەبارەی کوردەوە ببێ و هاوسۆزیان بێ، هانیان بدەن و دنەیان بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا کورد زۆر شایانی شارستانین، داب و نەریت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ئاری و لیبراڵن و لەگەڵ ئەوەی تورکەکاندا بەراورد ناکرێن. ئەوە تورك و دەسەڵاتی شوومی تورکە ڕێگەی لە کورد گرتووە ڕزگاری ببێ. بۆ ئەوەی بە ڕوونی تورکەکان بە درۆ بخەینەوە

و نیازی خراپیان بخەینە ڕوو، هەروەها ڕووی ڕاستەقینەی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ بەدیار بێخین، وا چەند نووسراوێکی پەیامنێرانی تایبەتی لە دیاربەکر، لە ڕۆژنامەی "وقت" ی تورکی دەقاودەق ڕادەگوێزینەوە.


Civilisation et Compassion Turques

Des clichés du journal « Wakit » turc du 27 Avril 1925.

شارستانی و سۆزی تورك

***

چەند کلێشەیەکی ڕۆژنامەی "وقت"ی ڕۆژی ٢٧ ی نیسانی ١٩٢٥

خاینەکان بەرەو پەتی سێدارە (وقت)

دیاربەکر، ٣٠ ی نیسانی ١٣٤١

پیلانێك لە دیاربەکر

ئەو هێرشەی کە لە لایەن یاخیبووەکانەوە کرایە سەر دیاربەکر، ئەو هەولانەی کە لە دەرەوە و ناوەوەی دران بۆ دەستبەسەرداگرتنی شارەکە، ئەو باوەڕەی سەقامگیر کرد کە یاخیبووەکان بوونێکی زیرەکانەیان لەنا و ئەم شارەدا هەیە.

ئەو نهێنانیانەی کە تا ئەمڕۆکە نەزانراو بوون، پەردەیان لەسەر لادرا. گرینگترینی ئەو نهێنیانە بریتیین لە ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕش و کاردانەوەکانی شۆڕشەکە. پیلانێکی زۆر گەورە لە بەشێکی هەرێمە ڕۆژهەلاتییەکاندا بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ داڕێژرابوو. جووتیارەکان تۆخمی هەرە زیانبەخش بوون. جووتیارەکان زۆر بە میوانداریییەوە پێشوازییان لە کۆلۆنە سووسەکارەکانی ئێمە دەکرد و پاشان بە یاخیبووە کوردەکان کە وا پێدەچوو لە نا و مالەکانی خۆیان شاردبیاننەوە، زیندانیان دەکردن.

ئەم ڕووداوانە لە کاتی ڕۆژە هەوەلینەکانی شۆڕشدا وابوون، چونکە تەنها ڕۆژی ٢١ی ئادار بوو کە دەبوو ڕابوونێکی گشتی لەنا و هەموو هەرێمە ڕۆژهەلاتییەکانی ولاتدا ببوایە بۆ پێکەوەنانی دەولەتێکی کوردیی سەربەخۆ. کەچی شۆڕش دوو هەفتە پێشتر بەرپابوو.

شەپۆلی بیرۆکەی کوردستانی سەربەخۆ، کە لەبەردەم دیوارەکانی دیاربەکردا بەرەوڕووی بەرگریی تەواو ڕێکخراوی ئێمە بوونەوە، ئەو هەموو بەتەنگەوەهاتنەی نەبوو کە لە لایەن خاینە جوداخوازەکانەوە چاوی تێدەبڕا. سوپا کە ئامادەیی خۆی

وەرگرتبوو، هەموو گومانلێکراوەکانی زیندانیی کردن، بەمشێوەیە ڕێگەی لە سەرکردایەتیی زازا گرت کە، لەناوەوەی شاردا یاریدەی هێرشبەرەکانی بدات.

ناشید حەقی

***

دیاربەکر، ٢٣ ی نیسانی ١٩٢٥

دواهەمین قۆناغی موحاکەمەی شێخ ئەیووب

مورافەعەی دادسەرا[*]:

ئەو تاوانبارەی ئێرە شێخ ئەیوب، شێخی قەرە باقچە لە سیوەرەك، سەرۆکی ئیستیقالەپێکراوی پارتی پێشکەوتنخوازی کۆماری لە سیوەرەك، تاوانبارە بەوەی کە دەستی لەگەڵ سەرۆکی یاخیبووەکاندا، شێخ سەعیدی پیران، تێکەڵ کردووە، بەوەی وا نێردراوی ناردووە بۆ زۆربەی هەرێمە تورکییەکان کە هاوخەباتکارە کوردەکانی تێدا دەژین، تاوانبارە بەوەی پێوەندیی لەگەڵ هێزە یاخیبووەکاندا هەبوە، *بەوەی کە بەگەڵ ئەوان کەوتووە و ئاگای لە پرسەکە هەبووە، بەوەی بۆ پرسی پارچەپارچەکردنی دەوڵەت، بۆ پارچەپارچەکردنی نیشتمان، بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ* چالاکیی کردووە.

لەبەر ئەوە تاونبار شێخ ئەیوب تاونبارە بەوەی کە ویستوویە بەشێکی نیشتمانی تورکیا جیا بکاتەوە و داوودەزگەیەکی سیاسیی سەربەخۆی لە دەرەوەی نیشتمان پێ ببەخشێ.

---

[*] دادسەرا: ministère public

بڕیارنامەی دادگە:

دادسەرا و تاونباری داواکراو و ئەو بەڵگەنامانەی بەردەست کە لێیان کۆڵرایەوە، پاش تاووتوێکردن، لەگەڵ ئەو بەڵگانەدا کە بە دورودرێژی لە کۆنووسی–دانیشتنەکەدا هەن، تاوانبار شێخ محەمەد خالیدی کوڕی ئەیووب، هەروەها هەموو ئەوکەسانەی کە هاوبەشییان لەگەڵ شێخ سەعید دا کردووە، دانیان بەوەدا ناوە کە بکەری تاوانی پیلانگێڕین بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، بۆ پارچەپارچەکردنی کۆماری تورکیا و بەوەی یەکێك لە پیلانگێڕەکانی شۆڕش بووە....

دوای بەهێند گرتنی ئەو بەڵگانە و یەقینی ڕازیکەرانەی پێویست و بە ویژدانی ئاسوودەوە، بەگوێرەی مورافەعە، تاوانبار شێخ ئەیووب، بەگوێرەی بڕگەی تایبەتی یاسای سزادان، بە تێکڕایی و بە ئامادەبوونی خۆی سزای لەسێدەرادانی بەسەردا سەپێنرا.

شێخ بە خوێن ساردییەوە گوێی لەم بڕیارنامەیە بوو و بەشدارەکانیش بەگەرمی هوتافیان بۆ کێشا.

**

*

٧ی ئایاری ١٩٢٥

لە پرۆسەی موحاکەمەکردنی دکتۆر فوئاد بەگ-ەوە

کردەی تاوانباریکردن لە لایەن دادسەراوە پێشکەشکرا.، فوئاد بەگ *بەو پێیەی کە پیلانیگێڕاوە و کاری بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆکردووە*، هێنرایە بەردەم دادگە.

سەرۆك.– ئێوە تاوانبارن بەوەی وا كارتان كردووە بۆ دروستكردنی كوردستانێكی سەربەخۆ و ناپاكیتان لە نیشتمان كردووە. وا بەڵگەنامەكان دەخوێنینەوە، ئاگادارین.

وەكیل**: دوكتۆر فوئاد بكەری تاوانی خیانەتی گەورەیە، وەك ئەوەی لەنا و داواكەی مندا هاتووە.

سەرۆك.– وادەردەكەوێ كە ماوەیەكی درێژە، ئێوە هەواداری كوردستانێكی سەربەخۆن و یەكبینە كاری بۆ دەكەن. دەمەوێ باوەڕی ئێوە لەبارەی شیمانەی دروستبوونی كوردستانێكی سەربەخۆوە بزانم.

فوئاد بەگ.– لەخۆیەوە بەتەنیا دروست نابێ.

سەرۆك.– كەوابوو ئێوە چ بەڕێوەبەرایەتیەك داوا دەكەن، بەڕێوەبەرایەتیی ئینگلیز؟

فوئاد بەگ.– ......

سەرۆك.– لە نامەكەتدا ئێوە نوسیووتانە: ((ڕۆژانی نەزۆك كە نە شەوەكانی، نە سپێدەكانی پێشبینی هیچ شتێكی باش ناكەن)) مەبەستت لەم پەرەگرافە چییە.

فوئاد بەگ.– بە مەبەستێكی تایبەتی نەمنووسیوە.

عەلی صائیب بەگ.– ئایا ئێوە كوردن؟

فوئاد بەگ.– باوكم كوردە، دایكم خەڵكی دیاربەكرە، لە چەرمقەوە هاتوون، باوكم زازایە.

عەلی صائیب بەگ.– ئایا زمانی كوردی یان توركی كامیان باشتر دەزانی، بە كام زمانیان قسە دەكەیت و بە كامیان ژیانی خۆتان بەڕێوە دەبەن. ئایا بە كوردی بەرنامەڕێژییەكانی خۆتان دەنووسن؟

** وەكیل: procureur

فوئاد بەگ.– بە تورکی دەیاننووسم و تورکیش چاکتر دەزانم.

عەلی صائیب بەگ .– چۆن بانگاشەی کوردبوون دەکەن، لەکاتێکدا ئێوە بە تورکی قسە دەکەن و ژیانی خۆتان بە تورکی بەڕێوە دەبەن؟

فوئاد بەگ.–وڵاتنامەی باوکم هەرچییەك بێت، هەتا ئەگەر ڕەچەڵەکی خۆشم لەبەر چاو نەگرم، چونکە من لەناو ناوەندێکدا دەژیم کە زۆرینەی کوردە، بەرژەوەندییەکانم هاجووتی بەرژەوەندی کوردەکانن.

عەلی صائیب بەگ .– دیاربەکر شارێکی تورکییە، ئایا دەشێ بەرژەوەندییەکەی هاوبەرژەوەندی ئەوەی کوردەکان بێت، ئێوە درۆ دەکەن!

فوئاد بەگ.–...

عەلی صائیب بەگ .– بۆچی لێرە یانەیەکی کوردیتان کردۆتەوە، نەك یانەیەکی تورکی؟

فوئاد بەگ.–...

وەکیل:– پەرەگرافەکانی ((لەگەڵ فەرمانی کۆمیتەکانی سەربەخۆیی کورددا لە بەغدا و مووسڵ، کە چەند مانگێکە بە جددییەوە لەوەتای کار دەکەن)) و ((پرسی کورد، ئەوەی کە تا ئێستە گاڵتەی پێدەکەن)) کە لەناو نامەکەتدا هەن، مەبەستتان چییە؟

فوئاد بەگ.– مەبەستم لەوە ئەوەیە وەڵامی ئەو پەندە تورکییە بدەمەوە کە دەڵێ: ((لە هەرجێیەك سەرەنێزەی تورك هەبێ، پرسی کورد بوونی نییە)).

بڕیارنامەی لە سێدارەدانی فوئاد بەگ

تاوانبار، دکتۆر فوئاد، کوڕی حاجی ئیبراهیم، بەوەی کە وەك پرنسیپێکی سیاسی و ئامانجی ژیانی خۆی بۆ دامەزراندنی

کوردستانێکی سەربەخۆی کردۆتە ئامانج، بەوەی وا ئالیکاریی ئەوانەی کردووە کە کار بۆ دروستکردنی شۆڕشێکی چەکدار دەکەن دژ بە یەکێتیی سیاسیی تورکیا و حکوومەتی تورکیا، تاوانبارییەکەی دووپاتکراوەتەوە، بە گوێرەی باوەڕی بێگومانیی بەردەستکەوتوو، دکتۆر فوئاد بە ئامادەبوونی خۆی و بە تێکڕایی بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ درا.

تاوانبار دوودڵە لە خوێندنەوەی بڕیارنامەکە و دواتر ئەم وتە کورتەی سەرۆکی بەدوادا هات:

ئێوە ژیانی خۆتان، عەقڵی خۆتان، چالاکیی خۆتان بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ تەرخان کردووە. ئێوە و ئیدیالی ئێوە، سۆنگەی مەرگی زۆر بێگوناهان بوون. چونکە ئێوە عاقڵن، ئەنجامی کارەکانی خۆتان هەڵبگرنەوە.

**
*

١٤ی ئایاری ١٩٢٥

لە پرۆسەی دادگاییکردنی کەمال فەوزی بەگ-وە

بڕیاری تاوانبارکردن:

ناوبراو کەمال فەوزی، خەڵکی بتلیس، ناونیشان نادیار و ئێستەکە لە زیندانیی ئیحتیاتیدایە، ئەندامی کۆمیتەی کوردیی سەربەخۆیی، تاوانبار کراوە بەوەی دەستی تێکەڵاو کردوە لەگەڵ چەند شێخێکدا کە چەکیان هەڵگرتووە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، تاوانبارە بەوەی کە بەردەوام هۆزە گوێڕایەڵەکانی بۆ شۆڕش هانداوە.

دەبــێ ئــەو برووســکە شــیفرەییەی ماریــشال فــەوزی پاشــا لەمبارەیەوە بخوێنرێتەوە:

((دادگـــەی گـــەورەی ســـەربازیی بـــەرەی (جـــەنگ) بڕیـــاری دا بـــە زیندانیکردنی ئیحتیاتی ناوبراو بە کەمال فەوزی بتلیسی، ئەندامی کۆمیتــەی کــوردیی زاخــۆ*، تــا بباتــە بــەردەم دادگــەی ئیــستقلال، کــە ئێستە لە تەرابزۆندایە و داوا کراوە هەروەها سەرکردایەتیی بەرەی جزیــرە داوایکــراوە بنێردێتــە دیاربــەکر، بــەگوێرەی بــوونی ئــەو بەڵگانەی کە تاوانبارییەکەی دەسەلمێنن.

پاشان تێلێگرامی شیفرەیی سولەیمان صەبری بەگ، کۆمیسێری سنوور خوێنرایەوە.

((بـەوەی کـە لـە لایـەن سـەرکردایەتی فەیلەقـەوە، چاودێری چوونی کــەمال فــەوزی بــۆ ئاواییــەکانی کایــای مەلازگــەرد کرابــوو و کــە لــە کۆنــستانتینۆپلەوە بــەو پەیامــە نێردرابــوو تــا پرۆپاگەنــدە دژی حکوومەت بکات بە قازانجی سەربەخۆیی کورد...))

کـەمال فـەوزی بـەگ.– مـن بـە عەبـدولڕەحمان ئاغـا–م گـوت خەلیفـە خراوەتــە زینــدان و میرنــشینەکە تــەریك کــراوە و هــەموو شــتێکی لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە

ســەرۆك.– ئــێ ئــەوجا پاشــان ئێــوە پێتــان گــوت، دەبــێ دەوڵــەتی کوردستان دروست بکرێ.

کەمال فەوزی بەگ.–....

**
*

---

* Zaho

۱۹ی ئایاری ۱۹۲٥

موحاکەمەکردنی سەید عەبدولقادر و هاوڕێکانی

عەلی صائیب بەگ.– ئەندامەکانی یانەی کوردی کە ناوەکانیان لە تۆماردا نووسراوە کێیان لەگەڵ سەربەخۆییدا و کێیان لەگەڵ ئۆتۆنۆمیدا بوون.

سەیید محەمەد[17].– لە یانەی کوردی: ئەمین عالی بەدرخان، خەلیل ڕامی بەدرخان، کامەران بەدرخان، مەولان زادە ڕەفعەت، کەمال فەوزی، شاکر محەمەد لەگەڵ سەربەخۆییدا بوون. باوکم و سەیید شەفیق، لەگەڵ ئۆتۆنۆمیدا بوون.

ئێمە ئەو کۆدانەمان بەکار نەهێنا کە ئامادەمان کردبوون بۆ یانە کوردییەکانی وا لە هەرێمە ڕۆژهەڵاتییەکاندا دامەزرابوون. کوڕەکەی شێخ سەعید، عەلی ڕەزا، ڕۆژی ۱۲ی کانوونی یەکەم هاتە لای ئێمە و شەو لامان مایەوە. سکرتێری یانە، زەینەددین عابدین ئاڵای داهێنا. ئاڵای عوسمانی داگیرا، ئێمە ئاڵای کوردیمان هەڵدا تا وەك خۆر بدرەوشێتەوە. ئەوەیان پێشبینی بوو. ئەمین عالی بەدرخان بە ئاشکرا دنەی شۆڕشی دەدا و دەیوت لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا دەوڵەتێك دروست دەکەین.

***

۲۰ی ئایاری ۱۹۲٥

پەرلەمەنتاری ئورفە

بە ناسیۆنالیزمی کورد تاوانبار دەکرێ

گەواهی دانی سەرنج ڕاکێشەری سەرۆکی شارەوانی ئورفە:

---

[17] کوڕی سەیید عەبدولقادرە.

موفید بەگ (ئەندام). – مستەفا ئەفەندی.– کە هەر ئێستە ڕاپۆرتەکە خوێندرایەوە– شەیحان زادە مستەفا ئەفەندی و هاوڕێکانی ئورفە و سیرۆژ، کۆبوونەوەیەکیان لە حەڵەب کردووە و لەم کۆبوونەوەیەدا، گفتوگۆیان لەبارەی بەشداری ئەم قەزایانەیانەوە لە شۆڕشی کورد و بڵاوکردنەوەی شۆڕشدا کردووە. من ڕووی دەم دەکەمە ئێوە سەرۆکی شارەوانیی ئورفە، بەو پێیەی کە ئێوە هاونیشتمانییەکی باش، پیاوێکی ڕووناکبیرن، داوا لە ئێوە دەکەم چی لەمبارەیەوە دەزانن.

مستەفا کەمال ئەفەندی.– من زۆر دژی بزووتنەوەی کورد خەباتم کردووە. ئەو ڕاپۆرتانەی کە من دەڵێم، لە ئەنقەرە نووسراون و زۆر تایبەتن بە پرسی کورد. بەڵام من هیچم لەبارەی ئەم کۆبوونەوەیەوە نەبیستووە کە ئێوە باسی دەکەن.

داواکار: دەکرێ پێمان بڵێن چیتان لەبارەی پرسی کوردەوە نووسیوە؟

مستەفا ئەفەندی.– بە هیچ شێوەیەك ناتوانم ئەوە بڵێم کە کێ تاوانبار دەکەم وەکوو سەرۆك، داوای لێبووردن دەکەم. داوا لە ئەنقەرە بکەن.

عەلی صائیب بەگ: بۆچی دوودڵیت و بەڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکانی دادسەرای گشتی نادەیتەوە؟

مستەفا کەمال ئەفەندی– دەترسم.

عەلی صائیب بەگ: نهێنی و ترس بە هیچ شێوەیەك لەبەردەم دادگەی ئیستقلالدا لەئارادا نین. ئەم دادگەیە، دادگەیەکی شەرعی، سیاسی و نیشتمانییە. لێرە تەنها لە خوا و لە ویژدانی خۆت بترسە.

مستەفا کەمال ئەفەندی- ئەو کەسەی کە چەندین ساڵە لەپێناوی ناسیۆنالیزمی کورد کار دەکات، عەلی ئەفەندی سوێرکی، ئەندام پەرلەمانی ئێستەی ئورفەیە. من فەرمانی ئەوەم بۆ هات کە لە ئۆرفە چاودێریی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بکەم و ئەنقەرە لە سەرۆکەکانی ئەم بزووتنەوەیە ئاگادار بکەمەوە. کۆمیتەی ناوەندیم[18] کۆکردەوە و لەسایەی چاودێریی وردی ئێمەوە، توانیمان ئەوە بزانین کەوا عەلی ئەفەندی سەری ناسۆنالیستی کوردە لە ئورفە. من و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕاپۆرتێکمان مۆر کرد و بۆ ئەنقەرەمان بەرز کردەوە. ئێمە هەروەها ئەحمەد تۆفیق بەگ یشمان دەستنیشان کرد، کەچی ڕاپۆرتەکە هیچ وەڵامێکی نەبوو. دوای دوو مانگ، ئەو کەسە بە ئاشکرا پرۆپاگەندەی کوردیی بڵاو دەکردەوە. ئێمە داوامان کرد لە وڵات دوور بخرێتەوە. ئێمە نووسیمان ئەو دەیەوێ حکوومەتێکی زازا لێرە دروست بکات. ئەوە تەنها دوای هەڵبژاردنی بوو بە وەك ئەندام پەرلەمان کە خۆی بەدیار خست. کاتی هەڵبژاردنی شارەوانی، لیستێکی لە دەست بوو و بەناو هەڵبژێرەکاندا دا دەسووڕایەوە و دنەی دەدان کورد هەڵبژێرن و هاواری بۆ دەکردن: فەرمانکاری کورد هەڵبژێرن، ئەوانەی کە مشووری ئەوەیانە حکوومەت بگرنە دەست. هیچ بایەخێك بە تورکەکان مەدەن، بەمزوانە دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێ.

***

[18] کۆمیتەی ناوەندی پارتی کەمالیست لە ئورفە.

۲٥ی ئایاری ۱۹۲٥

(لە نێردراوی تایبەتیمانەوە لە دیاربەکر)

دادگەی ئیستیقلال ئەمڕۆ دەست بە پرۆسێسی دادگاییکردنی چەند سەرەڕۆیەک دەکات کە چەندین ساڵە بە ناهەق کار بۆ دابەشکردنی نیشتمان و دامەزراندنی کوردستان دەکەن و توانیویانە پۆستی بەرز لەناو وڵاتدا بگرنە دەست.

سەرۆک.– قسە بۆ دادسەرای گشتییە.

وەکیل:– تاوانبارانی ئامادەبوو بریتیین لە سەیید عەبدولقادر، محەمەدی کوڕی، "نافیز"ی، یەکێک لە سەرۆک هۆزەکانی خۆشناو، عەبدوڵڵا سەعدی ئەفەندی، کەمال فەوزی بەتلیسی کە حالەتەکەی بەشێوەیەکی پارچەیی لێی کۆڵراوەتەوە، ئەوانە هەموویان بەوە تاوانبارن کە دروستکار و *دامەزرێنەری ئەو شۆڕشانەن* کە وا ئاسایشی هەرێمە ڕۆژهەڵاتییەکانیی وڵاتیان تێکداوە و پارچەپارچەبوونی وڵاتیان کردۆتە ئارمانج. خیانەتەکانیان بە چەند وشەیەک دەردەبڕم و قسەیان لەسەر دەکەم.

ڕاستە سەیید عەبدولقادر ئەفەندی ئەم ماوانەی دوایی زۆر کەم دەرکەوتووە، بەڵام بۆ زامنکردنی سەرکەوتنی شۆڕش کاری بۆ ئەوە کردووە پاراستنی هێزێکی بێگانە بۆ خۆی بباتەوە و بتوانێ کوڕەکەی و عەبدوڵڵا سەعدی ئەفەندی* دابمەزرێنێ.

نافیز ئەفەندی، مانگێک بەر لە شۆڕش لە کۆنستانتینۆپلەوە هاتووە پێوەندیی پێیانەوە کردووە و بە هەموو توانایەکییەوە بۆ هەمان مەبەست هاریکاریی کردوون.

---

* Abdallah Saadi effendi

عەلی ڕەزا کوڕی شێخ سەعید بە گەیشتنی بۆ کۆنستانتینۆپل، پێوەندیی بەو کەسانەوە کردووە کە بە هیچ شێوەیەك ماڵی سەیید عەبدولقادریان جێنەهێشتووە و هەمووشیان بڕیاری ترسناك و خیانەتکارانەیان دابوو کە کێشایەوە بۆ ئەوەی کە بەرئەنجامی تراژیدی بەدەستەوە بدات.

***

٢٩ی ئایاری ١٩٢٥

لەسێدارەدانی سەیید عەبدولقادر

و هاوڕێیەکانی

کەمال فەوزی، پارێزەر محەمەد تۆفیق ناسراو بە حاجی ئاختی، سەیید عەبدولقادر، سەیید محەمەد، کوێر سەعدی، خۆجا عەسکەری بەری بەیان بەرامبەر بە مزگەوتی گەورە لە سێدارە دران. خۆجا عەسکەری تا بەرەبەیان گۆرانیی سۆزاویی چڕیوە. ئەوانی دیکە شەویان بە نوێژ و قورئان خوێندنەوە بەڕێ کردووە.

خۆجا ئاختی، کاتی سەرکەوتنی بۆ بەر پەتی سێدارە هاواری کرد: بژی ئیدیالی کورد! بژی کوردستان. ئاپۆرەی خەڵکەکەش کە بەشداری لەسێدارەدانەکە بوون، بە هاوارکردنەوە وەڵامیان دایەوە "بژی کۆمار".

سەیید عەبدولقادر چەند وتەیەکی پچرپچری گوت، وەك: ئێوە بە لەسێدارەدانی من کوردەکان دەورووژێنن.

**
*

٣١ی ئایاری ١٩٢٥

دانپیانانەکانی مێجەر قاسم بەگ

قاسم بەگ.– یووسف زیا، کۆنە ئەندامی پەرلەمان کە ئەم دواییە لەسێدارە درا، ڕەشید بەگ موفتی زادەی مووش، لە وارتۆوە هاتبوون بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی. سبەینێیەکەی زیا بە منی وت: ((قاسم، سوێندم بۆ بخۆ، چەند شتێکت پێ دەڵێم)). من سوێندم خوارد. زیا ئەوکاتە بە منی گوت نهێنییەکم بۆ ئاشکرا دەکات و درێژەی پێدا: ((*کۆمیتەیەکی سەربەخۆیی و ئازادیی کورد پێکهاتووە. تۆ پیاوێکی ڕوناکبیری. تۆ دەبێ بەشداری لەم کۆمیتەیەدا بکەیت*)). وەڵامیم دایەوە بیرۆکەی ئازادی دەمخاتە پێکەنین. ئەو پێی داگرت و تکای کرد و پێی گوتم ((کۆمیتە پشت و پەنای هەیە)). پرسیم ((لە لایەن کێوە؟))، وەڵامی دامەوە ((لە لایەن حکوومەتێکەوە)). دەمویست زیاتری لێ بزانم، ئەو ڕەتیکردەوە و وتی ((ئەوانە نهێنیی کۆمیتەن، ناتوانم بیاندرکێنم)). ئەوکاتە پێم گوت ((ئایا ئەوە ڕاستە موسڵمان بە پارەی ئینگلیز بکوژرێ)). پێی وتم ((کە لە کاتی هاتنیدا عەبدولکەریم ئەفەندیی بینیوە، ئەمەی دوایی حەز دەکات من بێمە ناو کۆمیتە، دەچێ ئەم سەرۆک و ئەو سەرۆک هۆز دەبینێ)). من ئامۆژگاریم کرد تەنها خەریکی هەڵمەتی هەڵبژاردن بێت کە بۆ ئەوە هاتووە. چووم بۆ بتلیس، لەسەر کۆنووسێکی–دانیشتن دەست لەپشتدانەکانی یووسف زیا–م تۆمارکرد. *بەڵام سێزدە کەس کە وەك ناسیۆنالیستی کورد ناویان هاتووە، نکوولییان لە ڕاستیەکە کرد. داوای تاوانبارکردنەکەی من لەسەری، تەنیا کاری نەبوو، ئەو بە سەلامەتی دەرچوو.*

یاخیبوون ئامادە کرا. *ویستیان ئایین وەکوو ڕێگەو ئامرازێک بەکار بهێنن. بەڵام ئامانج سەربەخۆیی بوو.* من گوێم لێ بوو شێخ سەعید دەیگوت: *کوشتنی تورکێک لە کردەی کوشتنی حەفتا گاور چاکترە.*

یووسف زیا پێی گوتم کەسایەتیی گرینگ لەناو کۆمیتەکەدا هەن. ۲۰۰۰۰۰۰ لیرەیان هەیە، ٤۰۰۰۰ چەک دەکڕن.

ئامانجی شۆڕش بریتیبوو لەوەی وا لە ڕێگەی ئایینەوە و بە سوود وەرگرتن لە نەزانیی کورد، بگەنە سەربەخۆیی.

شێخ ئیسماعیل، براکەی عەبدوللەتیف ئەوەیان بۆ دووپات کردمەوە کە گوێیان نهێنینییەکانی شێخ سەعید بووە، *کە لەگەڵ ئینگلیزەکان پێوەندیی هەیە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی.*

**
*

۳ی حوزەیرانی ۱۹۲٥

ئامادەکاری بۆ شۆڕش

دیاربەکر، ۲ی حوزەیران.– دەتوانین بەمشێوەیەی خوارەوە ئەنجامی گفتوگۆیەکانی پرۆسەی موحاکەمەی شێخ سەعید و هاوڕێیەکانی کورت بکەینەوە:

ساڵی ڕابوردوو، کۆمیتەیەکی نهێنی بۆ کاری پێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردی لە هەرێمە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئێمە دروست بوو. کۆمیتە، بە ڕاسپێریی یووسف زیا، کە لەسێدارە درا، شێخ سەعید و بنەماڵەکەی وەکوو ئەندام قەبووڵ کرد.

تێبینی کراوە ئەم شۆڕشە کاری کۆمیتە نهێننیەکانە کە کاریان بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکرد لە ناو هەرێمە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئێمە و دەیانەویست ئایین وەکوو قەڵغانێك بەکار بهێنن.

بەڵام شۆڕش بەر لە وادە دیاریکراوەکە تەقییەوە.

**
*

٧ی حوزەیرانی ١٩٢٥

پرۆسەی موحاکەمەی شێخ سەعید

تاوانبار کردن نامەی شێخ سەعید و هاوڕێیەکانی:

مـن ئـەو بەڵگەنامانـە بـۆ دادگـە، هـاوپێچ لـە خـوارەوە، بەرچـاو دەخـەم کـە تایبـەتن بـە پرۆسـەی موحاکەمـە شـێخ سـەعیدی خنس و سیوحەوت هاوڕێکەی، کە یاخیبوون و دەستیان داوەتە چەك، *لە ڕووی ڕواڵەتییەوە بۆ پشتگیریکردنی ئایین بووە، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بووە، هتد...*

وەکیل سورەیا بەگ بۆ مورافەعەکردنەکەی دەستی بە قسەکردن کرد:

– هەموو دونیا پێی کراوە کە لە ڕێگەی وەسیلەی جیاجیا شارەزایی لەوەدا پەیدا بکات کە شوڕشێکی چەکداری لەناو بەشێکی دیاریکراو و سنووریداری هەرێمە ڕۆژهەڵاتییەکانی نیشتمانی تورکدا هەڵگیرسا. *هیچ گومانێکیش لەوەدا نییە کە ئەم شۆڕشە بەرهەمی چەندین ساڵ کۆشش و پرۆپاگەندەیە کە وا لە ناوەوە و دەرەوە هەوڵی بۆ دەدرا وەك ئەوەی لە کردەی تاوانبارکردنەکەدا نیشان درا. ئەم شۆڕشە دەیویست ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەك پەردەیەك بەکار بهێنێ بۆ*

پارچەپارچەکردنی نیشتمان. شۆڕش ئامانجی دابڕانی بەشێکی نیشتمانی تورکیا بوو کە یەك یەکەی تەواو لەیەك جیانەکراوەیە لە بەشەکانی جەستەکەیدا. هەروەها شۆڕش لێکهەڵوەشاندنەوەی یەکپارچەیی و یەکیەتیی نیشتمانیی هتد هتد، لەبەرچاو گرتبوو.

**
*

لە کۆنووسی وەڵامدانەوەکانی شێخ سەعید

– من لە لایەن نە هیچ کەسێك، نە هیچ پارتێکەوە هان نەدراوم تا شۆڕش بکەم. من بە خۆم شۆڕشم داڕشت و ئامادەم کرد و جێبەجێم کرد و *بیرکردنەوەی خۆم و قەناعەت و ئیدیالی خۆم ڕێبەرم بوون.*

دوای ئاخاوتنەکەم لە پیران بڕیاری جێبەجێکردنیم دا.

عەلی صائیب بەگ.– لە نامەیەکدا کە بۆ موفتیی لجێ نووسراوە، ئێوە باسی خۆشەویستیی تۆڵەسەندنەوە دەکەن.

شێخ سەعید.– من ئەم نامەیەم نەنووسیوە.

عەلی صائیب بەگ[*].– بەڵام ئیمزای ئێوەی بەسەرەوەیە.

شێخ سەعید.– هیچ نازانم.

عەلی صائیب بەگ.– ئایا یووسف زیا، کۆنە ئەندام پەرلەمانی بتلیسی کە لە سێدارە درا، سەری لە ئێوە داوە؟

شێخ سەعید.– بەڵێ، هاتبوو من ببینێ. پێی وتم ئەوان نیازی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆیان هەیە. من داوام لێکرد کە ئەگەر ئەوان بتوانن ئازووقە دابین بکەن. وەڵامی دامەوە کە

---

[*] لە تێکستە فرەنسییەکەدا لێرە نووسراوە عەلی سەعید بەگ Ali Said Bey ، پێم وایە ئەمەی هەڵەی چاپە و ئەوەی ئێمە نووسیومانەتەوە ڕاستەکەیەتی، وەرگێڕ.

ئەوان دەچن دەست بەسەر بتلیسدا دادەگرن و ئازووقەی پێویستی تێدایە.

**
*

۹ی حوزەیرانی ۱۹۲٥

دانپیانانەکانی مێجەر قاسم بەگ

لوتفی موفید بەگ.– ڕێکخراوی ناوخۆی کۆمیتەی "کورد" کامە بوو؟ و لە چ کەناڵێکەوە پێوەندییەکانی دەرەوە داین دەکران!

قاسم بەگ.– من نەگەیشتمە ناو نهێنییە تایبەتییەکانی کۆمیتە. من ئاگام لە هیچ نهێنییەکیان نییە... بەڵام دەتوانم قسەکانی خالید تان بۆ دووبارە بکەمەوە. پار، سێ ئەفسەری خەڵکی سلێمانی، تۆفیق، ساڵح و ئیسماعیل حەقی لە ئەرزەرۆم کۆبوونەوە. ئیسماعیل حەقی پشووی وەرگرتبوو و لە دیاربەکرەوە بە بیانووی پشوو وەرگرتنەوە هاتبووە ئەوێ. لەوێشەوە دەچێتە ئورفە و دوای ئەوەی ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە دەچێتە حەلەب.، لەوێوەوە نامەیەك دەنووسێ. خالید ئەم نامەیەی نیشانی من دا، تێیدا نوسرابوو: ((من بۆزۆ بەگم بە نەجمەددین بەگ ناساند و داوام لێکرد لقی بازرگانییەکە بپارێزێ؟. من لێم پرسی بۆزۆ کێیە؟ سەرەتا ڕەتیکردەوە وەڵامم بداتەوە، بەڵام لەسەر پێداگرتنی من ئەوەی بۆ ئاشکرا کردم کە مەبەستی لە بۆزۆ کورد، نەجمەددین فڕەنسی، نیهاد تورك و سوعاد ئینگلیزە. خالید هەروەها نامەیەکی لە بەغداوە بەدەست گەیشتبوو کە لە لایەن حەریری [حەیدرەی]زادە ئیبراهیم نووسرابوو. لەم نامەیەدا نووسرابوو: ((من لەگەڵ سوعاد بەگ باسی ئێوەم کردووە،

پێوەندیی لەگەڵ لقی بازرگانی تاران دەکات. پاشان نووسیبوویان ((ژووری گەورەی بازرگانی. بەڕێوەبەری لقی تاران ڕایدەگەیەنێ کە ئێوە دەناسێ)).

مەبەست لە ژووری بازرگانی لەندەن بوو. کۆمیتە بە دڵنیاییەوە لە بتلیس هەبوو، چونکە زیا خۆی لەوێ بوو.

مەزهەر موفید بەگ.- کەوایە شۆڕش دوو ساڵ دەبێ لە خۆئامادەکردندایە. ئامانج چ بوو.

قاسم بەگ.- بەڵێ، ئامانج سەربەخۆیی بوو. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش لە ڕێگەی دیپلۆماتی و ئایینییەوە کاریان بۆ دەکرد، بەڵام ئامانج هەر یەك بوو.

**
*

١٠ی حوزەیرانی ١٩٢٥

چەند ڕاستییەکی مێژوویی

لەبەردەم دادگەدا پەردەیان لەسەر هەڵدەدرێتەوە

عەلی صائیب بەگ.- شێخ سەعید ئەفەندی بڕێك لە هاوڕێیەکانی ئێوە دانیان بەوەدا ناوە کە ماوەیەکی درێژ ئامادەکاریتان بۆ شۆڕش کردووە و واتان دانابوو دوای ئەوەی دەبنە سەرداری دیاربەکرا داوای پاراستن لە ئینگلستان بکەن.

شێخ سەعید.- نەخێر، من هیچ شتێك لەو بارەیەوە نازانم.

مێجەر قاسم بەگ.- سەرۆکی بەڕێز ئەگەر ئێوە ئیجازەم بدەن من بە ڕێك و پێکی ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە کە لەبارەی بنچینەکانی شۆڕشەوە دەیزانم.

سەرۆك.– فەرموو قاسم بەگ ئێوە قسە بكەن.

قاسم بەگ.– بەدرخانییەكان و سەیید عەبدولقادر كە ماوەیەكی دوورودرێژبوو لە كۆنستانتینۆپل بوون بە هەموو وەسیلەیەك پڕۆپاگەندەی كوردایەتییان دەكرد. بۆ ئەوەی زۆر بە ئاسانی ئیدیالی كوردی بڵاو بكەنەوە، عەبدولڕەزاق سەری ڕووسیای دا. لە ئەنجامی پڕۆپاگەندەی شێلگیرانە و هەوڵی بێوچانی ئەم بەڕێزانەدا لە كۆنستانیتنۆپل، كۆمیتەیەكی كوردی لەدایك بوو كە ناوی ((جەمعییەتی تەعالیی كورد))[19] بوو. سەیید عەبدولقادر وەكوو سەرۆك هەڵبژێردرا. زۆر بە دڵنیاییەوە پێم وایە ئەم كۆمیتەیە لقی لەناو هەرێمەكاندا هەبوو. چالاكیەكانی ئەم كۆمیتەیە لەكاتی شەڕی گەورەدا چەند سستییێكی تێكەوت، بەڵام دوای ئاگربەس بە سوود وەرگرتن لە لاوازی و شكستی نەتەوەی تورك، چالاكییەكانی كۆمیتەكەیان دوو هێندە كرد و لە هەموو لایەكەوە یانەیان دەكردەوە.

هەموو خەڵك، هەتا وەكوو ڕەشە خەڵكی نەخوێندەواریش، زۆر بە توندی ئارەزووی سەربەخۆیی كوردیان هەبوو.

كەسێك بە ناوی شەریف پاشاوە بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە نوێنەری وەفدی كوردییە لە پاریس و بە ناوی نەتەوەی كوردەوە كەوتە گفتوگۆ لەگەڵ هێزە گەورەكاندا. لەگەڵ كردنەوەی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیدا ساڵی ١٣٣٦*، من پیرۆزبایی خۆم نارد. ***لە من***

---

[19] **قاسم بەگ لەم زانیاریانەدا كەوتۆتە هەڵەوە، ڕاستیەكەی ئەم جەمعییەتە ناوی (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی كورد) بوو كە لە ٢ی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەموول دامەزراوە، وەرگێر.**

* **مستەفا كەمال لە مانگی نیسانی ١٩٢٠ هەڵبژاردنێكی ڕێكخست. ئەندامانی ئەم هەڵبژاردنە لە ئەنقەرە كۆبوونەوە و ڕۆژی ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠ ئەنجومەنی گەورەی**

توورەبوون و پێیان وتم: تۆ کە کوردی بۆچی بەلای تورکەکاندا دەشکێیتەوە. لە زاری ڕەشید بەگەوە زانیم کۆمیتەیەك هەیە بە ناوی "کۆمیتەی سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان"ـەوە، بە گرووپی پێنج کەسی دەچنە ناوییەوە. هیچ گرووپێك نە گرووپەکەی دیکە و نە کەسەکانی گروپەکەش دەناسیٚ. ویستیان ناوی منیش بنووسن، بەڵام من کە ڕەتمکردەوە سوێند بخۆم، منیان پەسند نەکرد. ئەم شۆڕشگێڕانە پشتیان بە هاریکاری و پارەی ئینگلستان بەستبوو. ئەوان لە ٪۸۰ ڕای گشتییان بۆ خۆیان بردبۆوە و کاریان دەکرد بۆ ڕاکێشانی ئەوەی کە مابۆوە.

ئەوەیان کورتکردنەوەیەکی شۆڕشی کورد بوو.

***

۱۵ی حوزەیرانی ۱۹۲۵

لە دادگەی ئیستیقلال لە دیاربەکرەوە

کوڕەزاکەی مستەفای خنس، عەزمی ڕای دەگەیەنیٚ:

– من یانزە ساڵم، چەکم هەڵگرتووە، بەڵام بەشداری شەڕم نەکردووە.

– عەلی، برای قاسم.– ئامانجی شۆڕش بریتیبوو لە سەربەخۆیی کورد. ئەوان ویستیان وەکوو وەسیلەیەك سوود لە ئایین وەربگرن. من هیچی تر نازانم.

***

نیشتمانیی تورک (Türkie Büyük Millet Meclisi) یان دامەزراند. ڕۆژی ۲۹ی نیسان کۆمیتەیەکی تەنفیزی هەڵبژێردرا و ئەم کۆمیتەیە بڕیاری وەرگرت کە پەرلەمانی نویٚ حکوومەتی شەرعی و کاتیی وڵاتە و بە تێکڕایی دەنگیش مستەفا کەمال بە سەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژێردرا، وەرگێڕ.

La Justice Turque

Des clichés du journal « Wakit » turc du 27 Avril 1925.

Les traîtres qui, entrant à El Azize, ont versé le sang innocent turc, payent leur crime sur les échafauds devant la caserne. (Wakid)

۲۸ی حوزەیرانی ۱۹۲۵

داواکار داوای سەری

پەنجا و سێ تاوانبار دەکات

وەکیل هەڵدەستێتەوە و دەست بە مورافەعەی خۆی دەکات و بە دەنگە برووسکەئاساکەی خۆی:

– هۆیەکان و بنچینەکانی دوایین شۆڕش کە لە هەرێمە ڕۆژهەڵاتییەکانی نیشتمانی سەرمەدیی تورکدا هەڵگیرسا، هاوشێوەی ئەوانە بوون کە ڕبوردوویێکی زۆر دوور لە بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا کە لە سێ لاوە بە ڕەگەزی غەیرە تورك و ناموسڵمان دەورە درابوون، ئەوانەی کە وێڕای برایەتییەکی پێنج سەدە، ئەلبانیەکانیان گەیاندە ئەوەی وا لە دەورانی جەنگی باڵقان لە پشتەوە لە تورکیا بدەن، لە کاتێکدا تورکیا هەمیشە سۆز و خۆشەویستییێکی گەورەی بۆ هاونیشتمانییەکانی هەبوون. ئیدیال و ئامانجێك کە شۆڕشی کوردی لێوە سەرچاوەی گرت، هەمان ئەو ئامانج و ئیدیالە بوون کە سووریا و فەلەستینی دابڕی.

ئەوە هەمان توخم گەلن کە لە ناوەوەی وڵات و دەرەوەی وڵات کار دەدەن و ئەو ڕووداوانەی دوایییا لیٚکەوتەوە.

ئاخاوتنی سەرۆك بۆ پەنجاوسێ تاونبارکراو بە سزای مەرگ:

بڕێك لە ئێوە بە ڕێنمایی خۆپەرستیتان، بڕێکی دیکەتان بە ئامۆژگاریکردنی بێگانە و چاوتێبڕینی سیاسی، *بەڵام هەمووتان لە یەك خاڵدا یەك دەگرنەوە کە ئەویش بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ چوونەتە پێش. ئێوە لەسەر پەتی سێدارە نرخی ماڵە ڕووخاوەکان، خوێنە ڕژاوەکان دەدەنەوە.*

لێرەدا ڕادەوستین لەوەی وا زانیاری لە ڕۆژنامەی تورکی "وقت" وەربگرین و ئەو چەند دێرە بەو ڕەوان نووسییەی خۆی پێویستی بە هیچ قسە لەسەر کردنێك نییە.

مێژووی کورد، بە تایبەت مێژووی ئەم چەند ساڵەی دوایی، زۆر بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنن کە نەتەوەی کورد زۆر شێلگیرانە بەرەو ئەو ئیدیالە دەڕوا کە هەموو نەتەوەکانی دیکە وەریانگرتووە و تورکەکان بە قەدەغەکردنی دەربڕینی وشەکانی کورد و کوردستان بەوەی وا بە هەتیوەکان، بەو کچۆڵەی قوربانیانەی کە سەرپیان بڕیون، بەوانەی بە کوردبوون تاوانبار کراون، دەڵێن تورك، پێیان وایە بەوە پرسی کورد چارەسەر دەکەن.

وێڕای ئەوەی هەموو مێژوو لێرەدا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە نیشتمانی ئێمە ناوی کوردستانە، کەچی تورکەکان پیێ دادەگرن لەسەر ئەوەی کە پێی بڵێن هەرێمەکانی ڕۆژهەلات، ئەنادۆڵی ڕۆژهەلات، شەش ویلایەتەکە. کوردەکانیان ماوەیەکی دوورودرێژ هەر بە ناوی گشتی موسڵمان ناو دەبرد، ئێستەش بە تورك ناویان دەبەن.

لە لۆزان کاتی گفتوگۆی پەیماننامەی ئاشتی، عیصمەت پاشا، سەرۆکی وەفدی تورك، درۆیەکی گەورەی کرد، بەوەی وا دووپاتی کردەوە هیچ جیاوازییێك لە نێوان کورد و تورك دا نییە و هەردوکیان لە مافدا یەکسانن. ئێمە عیصمەت پاشا، هەر بە قسەکانی خۆی بە درۆ دەخەینەوە. بۆ ئەمە جارێکی دیکە لە ڕۆژنامەی تورکی "وقت" وەرگیراوی گوتارێکی عیصمەت پاشا وەردەگرین کە عیصمەت پاشا خۆی لە ئەنقەرە، لەبەردەم کۆنگرەی کۆمیتەی پان-تورك (تورك ئۆجاغی)دا پێشکەشی کردووە.

ڕاستیەکەی لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ی نیسانی ١٩٢٥ی ڕۆژنامەی "وقت"دا ئەمە دەخوێنینەوە:

هاوخەباتکارانی ئەندامی کۆمیتەی پان-تورك، ئێوە تەواو شانازی بەوەوە بکەن کە سەر بە نەتەوەی تورکن. نەتەوەی تورك لە سەرووی هەموو نەتەوەیەکی دیکەیە. ئەوەی کە دان بەم سەردەستەییەدا نانێ، لەگەڵ ئێمەدا لەشەڕدا دەبێ.

بۆ ئەوەی ئێمە هاوتا بین لەگەڵ تورکدا، دەبێ ببینە تورك. هەتا بمانەوێ وەك کورد بژین، ئەوا ستەم و مەرگ چاوەڕێمان دەکات. چۆن دەبێ خەیاڵ بکرێ بشێ بکرێینە تورك ! نابێ بەلای کەمییەوە ئەو نەتەوەیە وا دەیەوێ بمانتوێنێتەوە، بە ڕەگەز، بە شارستانی، بە کولتوور و بە ڕۆح لە ئێمە سەرووتر بێت. ئەوە ڕاستە کە سیمای تورك شەش سەدە دەبێ لە سایەی چەرکەس، گرێك، بولگار، سێرب، ئەرمەنی، ولاش*، کورد، عەرەب و جوولەکەوە تەواو بووە. بەڵام وێڕای ئەمە، تورك هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لە ڕۆحی ئاتیلا**، جەنگیز*** و هۆلاکۆیەکان ڕزگار بکات. ڕوحەکەی وەك خۆی بۆ هەمیشە هەروا دەمێنێتەوە.

چۆن داوا لە کورد دەکەن دان بە ژێردەستەییدا دابنێ بۆ نەتەوەیەکی کۆچەر کە بە جلی دڕاو و کۆچەرییەوە هاتوونەتە سەر ئەو زەوییەی کوردەکان کە شەش هەزار ساڵە تێیدا دەژین. مەحاڵبوونی ئەم زەلیلییە لەبەر چاودا ڕون و ئاشکرایە. تورك بەرامبەر بە ڕەتکردنەوەی شێلگیرانەی کورد بۆ قەبووڵکردنی ئەم

---

* Vlaches

** Attila

*** Djinguize

شەرمەزارییە، بە تایبەت لەوەی وا ساڵی ١٩٢٥ دەستیان کردووە بە قەلاچۆکردنی سیستماتیکی کوردەکان، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دوو ڕێوشوێنیان لەبەرچاو گرتبووە: قەتڵوعامی ڕاستەوخۆ و ڕاگوێزان.

قەتڵوعام چەندین شێوەی جیاواز بەخۆیەوە دەگرێ: حوکمی لەسێدارەدان کە لە دادگە کاتی ئیستیقلال، دادگە عەسکەرییەکان، دادگە ئاساییەکان دەردەچێ.- وێرانکردنی شار و ئاواییەکان بە تۆپ، میترالیۆز، فڕۆکەی جەنگی، لەشکرکێشیی سەربازی بە بیانووی بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی بەرگری.

ڕاگوێزان شێوەیەکی دیکەی قەتڵوعامە. کوردستان بە سەرما بەناوبانگە. بەتایبەت ماوەی مانگەکانی کانوونی یەکەم، کانوونی دووەم و شوبات سەرمایەکەی زۆر سەختە. دەرکردنی بەزۆر، لەناو ماڵ و حاڵی خۆیاندا لە ماوەی ئەم مانگانەدا، هەزاران خەڵکی کوردستان هەموو موڵك و ماڵیان دەستی بەسەردا دەگیرێ و بەزۆر بە پێیان پەڕیوەی گۆشەیەکی دیکەی تورکیا دەکرێن. ئەگەر ئەمە بە قەتڵوعام دانەنرێ، دەبێ بە چی ناو بنرێ.

حکوومەتی تورك ئەم مانگانەی هەڵبژاردووە بۆ ڕاگوێزانی کوردەکان، بۆ ئەوەی کوردەکان لە بایەزید و دەوروبەری هەڵبقەنێ و پەڕیوەی (سمیرنا)یان بکات. بێگومان هەتا سەدا دەی ئەم پەڕیوانەش ناگەنە سمیرنا.

کچ و ژنان کە بە زیندوویی لەناو کەلاوەکانی شار و ئاوایییە بۆمباردومانکراوەکاندا مابوونەوە، کۆکرانەوە و بە کۆمەڵ بردرانە شارە تورکییەکان بۆ بەشینەوەیان بەسەر بەگزادە و کارمەندە تورکەکاندا. لە دەوروبەری بایەزید، ٢٠٠٠ ژن، منداڵ و پیرەمێرد

لەناو کادێن و پەناگەکانی ژێر زەوی گیریان خواردبوو، بە زیندوویی ژێر خاک نران. لە باکووری گۆلی وان پیاوەکانی بیستو حەوت بنەماڵە کە ڕایان کردبوو، ژن و منداڵەکانیان لە لایەن تورکەکان سەربڕان، سەری بڕاویان خرابوونە سەر ئەسپ و بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لە ئەرجیش، لە عادل جەواز و ئاواییەکانی دیکە دەیانسوڕاندنەوە و بۆ چاوترساندن نیشانی خەڵکیان دەدا. لە چەپەقچوور، هەژدە کچی کورد، ئەوانەی کە نەیانهێشتبوو ئەفسەرانی تورك تێر بکەن، بەزۆر دەستدرێژییان کرایە سەرو پاشان درانە دەست ئەو سەربازانەی کە هەوەسی حەیوانیان پێ تێردەکردن و لەناو ئەم چیایانە بە تەنیا بەجێیان هێشتن. بەشێکی ئەم بەدبەختانە گوللەباران کران، هەندێکی تریان فڕێدرانە ناو ڕووبارەکان و هەندێکی دیکە لەناو ئەم موعاناتە لەناوچوون. یەکێك لەوانە کە لە لایەن کوردەکانەوە ڕزگارکرابوو و توانرا بگاتە سوریا، لەوێ بە تێکشکاوی و تێکچوو دەژی و شایەدحاڵی بەدبەختانەی ئەم تراژیدیایە. زازاییەکان کە بەشێکی چالاکی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ بوون، لەوساتەوە تورکەکان بەتایبەتی تۆڵەیان لێدەسەننەوە.

سێ ساڵ دوای شۆڕش، چەند مانگێك بەر لە ئێستە، حکوومەتی تورك کاتێك بەوەی زانی ٢٥٠ زازا، ژن و پیاو لە دیاربەکر وەك کرێکار و خزمەتکار بە بێوەیی کار دەکەن، کۆیکردنەوە، بە گرووپ بۆ دەرەوەی شاری بردن و بێبەزەییانە گوللەبارانی کردن.

تورکەکان بەرامبەر بە کوردەکان زۆر وەحشیگەرانەتر ئەو ستەمکارییە دەنوێنن کە کاتی جەنگ بەرامبەر بە ئەرمەنییەکان پیادەیان کرد. ئێمە تەنها داوای چەند کۆمسیۆنێکی بەدواداچوون دەکەین کە نوماینەدەی کۆمەڵە خێرخوازییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا

بن و بچن سەیری ئەو ڕەوشە ئەسەفبار و تراژیدیانەیان بکات کە پاشماوەی نەتەوەی ئێمەی تێدا دەژی لەو هەرێمە تورکیانەی وا بۆیان ڕاگوێزراونەتەوە و ئەوەی دەیبینن بە هەموو جیهانی ڕابگەیەنن.

ئەگەر تورکەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، ئەوان ویژدانیان ئارام و دەستیان خاوێنە، نابێ ڕێگە لە سەفەری ئەم کۆمیسێرانە بگرن.

ئەو داوایانەی کە چەندین جار پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کراون، بە بێدەنگییێکی پەردەپۆشکراو پێشوازییان لێکراوە. تورکەکان وزەیەکی زۆر خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ئەو قەسابخانە تۆقێنەرە کە بەسەر سەرپاکی نەتەوەیەکیدا جێبەجێی دەکەن، لەبەرچاوی جیهانی بشارنەوە. نیشتمانی جوانی ئێمە خەریکە دەبێتە مشتێك لە وێرانی.

نەتەوەی ئێمە لەسەر هەقی خۆی بەهێزە، لەسەر هەقانیەتی پرسەکەی، بەرامبەر بە تۆقین و دەستدرێژییەکانی تورك بەرگری لە خۆی دەکات و بە گەورەترین وزە بەرەنگاری دەکات. ئەگەر ئێمە دەمانەوێ ئەو ڕاستیانە بگەیەنینە دونیای شارستانیخواز، ئەمە لە بەرژەوەندی ئەویش دایە. بە ڕووناکیی ئەم ڕاستیانەدا، دونیای شارستانی لەگەڵ زیاتر وریایی و زیاتر دادوەریدا دەتوانێ هەڵسوکەوتەکانی خۆی لە دژی تورکیا دیاری بکات. ئەوەی جێگەی گومان نییە ئەوەیە کە ئەو ئاگرەی وا تورکەکان لەم گۆشەیەی جیهاندا دایانگیرساندووە، بە ئاسانی ناکوژێتەوە تاوەکوو نەتەوەکان گوێی پێنەدەن.

ئەگەر کۆمەڵەی گەلان دەیەوێ شەرافەتمەندانە ئەم ناوە هەڵبگرێ، نابێ بە هیچ شێوەیەك بەرامبەر بە قەتڵوعامی نەتەوەیەکی

وەکوو ئێمە بێدەنگ بێت. چونکە، ئەگەر کۆمەڵەی گەلان هەر سوورە لەسەر ئەوەی ئەم بیدەنگییە شەرمهێنە قەبووڵ بکات، ئەوا ئێمە هەقی ئەوەمان دەبێ کە هەر تەنها وەك "کۆمەڵەی دەوڵەتان" تێی بڕوانین کە تەنها خزمەتی بەرژەوەندی بەهێزەکان دەکات. ئەو کۆمەڵەیەی گەلان ئەو پەیمانە پیرۆزەمان وەبیردەهێنێتەوە کە سەدەکانی ڕابووردوو لە نێوان بەهێزەکاندا دەبەسترا بۆ پەل‌وپۆکردنی بێهێزەکان و ڕێگە لێگرتنیان لە هەموو هەڵوێستێکدا و بێدەنگکردنیان.

ئایا جیهانی شارستانی بەردەوام دەبێ لەوەی تا کۆتایی چاو لەو قەتڵوعامە بێڕەحمانە و وەحشیگەرانەیەی نەتەوەیەکی پێنج ملوێن کەسی بقووچێنی تا وەك ئاژەڵی زیانبەخش قەڵاچۆ دەکرێن. ئایا ویژدانی یاخی نابێ و بەرامبەر بەو تاوانەی دەورانی مرۆڤایەتی بێزی نایەتەوە؟ هێزە گەورەکان کە بۆ ماوەی چوار ساڵ جەنگان و بە دەنگی بەرز بانگی پاراستنی مافی نەتەوە بێهێز و چەوساوەکانیان دەکرد و هەزاران ڕۆڵەی خۆیان بۆ ئەم بەرگرییە کردە قوربانی، ناکرێ- بەلای کەمییەوە لەبەر ڕێزگرتن و بۆ وەفاداریی بۆ ئەو خوێنەی کە بەخشندانە ڕژا- درێژە بە ڕێپێدانی ئەم قەتڵوعامە نەدەن کە وەك دەورانی قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان، بە سەدان، بە هەزاران مرۆ، ژن، پیرەمێرد و منداڵ بە دەقیقەیەك لەناو چوون.

بە سەدان کچ دوای ئەوەی بە شێوەیەکی وەحشییانە دەستدرێژییان کرایە سەر، بە زەبری سەرەنێزە سکیان هەڵدرا. گرووپێکی دیکە بەرەو ئەنقەرە نێردران و فڕێدرانە ناو لەوەڕگەکان بۆ ژێردەستی کارمەند، ئەندام پەرلەمان و ئەفسەرانی تورك. ئێمە خەریکی ڕیزبەندکردنی بەڵگەنامەکانی ئەم قەتڵوعام و زەبرو

ڕەنگەین لەوەتای دەستپێکردنیانەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ و بەرە بەرە بڵاویان دەکەینەوە.

بە ڕێنیشاندەریی ئەم هەموو ڕووداوانە، بە ئیلهام وەرگرتن لەم تۆقینە، نیشتمانپەروەرانی کورد ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ لە کۆنگرەیەکدا کۆبوونەوە و گفتۆگۆ و تاووتوێی ئەو هەنگاوانەیان کرد کە دەبێ بگیرێنە بەر بەرامبەر بە تاوانی قەڵاچۆکردنی ڕەگەزەکەیان و کۆمیتەی (خۆیبوون)یان پێکەوەەنا.

کۆمیتەی خۆیبون نوماینەدەی بەوەفا و ڕاستگۆی نەتەوەی کوردە و شێلگیرانە بڕیاری داوە بەرامبەر بە هەموو بە ئاستەنگەکان خەبات بکات. کۆمیتەی (خۆیبوون) نوێنەری توانا و هێزی ویستی کوردە، پەیمانێکی نیشتمانیی پەیڕەو کردووەوە سوێندی خواردووە بە هەر نرخێك بێ بیهێنێتە جێ.

پەیمانی نیشتمانیی کورد بریتییە لە سوێندی خەبات تا دواین کورد و دوایین گوللە بۆ ئازادیی خاکی نەتەوەیی کورد کە لە هەزاران ساڵەوە تاقە خاوەنی نەتەوەی کوردە" دڵنیاکردنەوەی نەتەوەی کوردە لەسەر خاکی نیشتمان و هەقی ژیانێکی ئازاد، بەختەوەر و سەربەخۆ. پرەنسیپی بنچینەیی کۆمیتەی خۆیبوون بریتییە لە ڕێزگرتنی هاوسێیەکانی و ڕێزلێگرتنی لە لایەن هاوسێیەکانییەوە.

ئێمە نە هیچ چاوتێبڕین، نە بانگەشەمان دژی ئەو نەتەوانە نییە کە لەودیوو ناو سنوورەکانی ئێمەدا دەژین.

ئێمە دەمانەوێ خاکی نیشتمان لەژێر پۆستاڵی تورك ڕزگار بکەین، وەکوو مرۆڤ تێیدا بە ئاشتی بژین و تەنها چاومان لە پێشکەوتن و شارستانی بێت و حکوومەتێکی نیشتمانیی تێدا دروست بکەین. ئەوە نەتەوەی کوردە کە بەردەوام دەبێ لەوەی وا

بەتەنها لەژێر دەسەلاتی تێکدەرانە و بەربەریستانەی تورکدا بەرگری بکات“ بۆچی بێبەش بێ لە ماف پێکەوەنانی بەڕێوەبەرایەتێکی نیشتمانیی، دوور لە هەموو دەست تێوەردانێکی تورک، لەسەر ئەو خاکەی کە زۆرینەیەکی هاوڕەگەز و زیاتر لە زۆرینەی ڕەها پێکدەهێنێ. ئێمە تەنها ڕقمان لە ستەمگەریی تورکە. ئەم مافە، مافێکی پیرۆز و ناسراوی هەموو نەتەوەکانە کە لەوەتای دەورانی هەرە کۆنەوە، مافی ئەوەی ڕێگە نەدەی کۆیلە بکرێی، بکوژرێی، قەدەغە بکرێ. ئێمە دووبارەی دەکەینەوە کە ڕێگەی خەبات سەخت و خوێناوی دەبێ، بەلام ئەم خەباتە تەنها بە دواین گوللە و دواین کورد کۆتایی دێت.

تەواو

بەڵگەنامە
و
ئەلبووم



نیزامنامەی گشتیی و پەیماننامەی ناوەخۆیی

کۆمەڵەی خۆیبوون

Hariciye İstihbaratı :

I. Muhalifler
II. Hoybun nizamnamesi

Mahrem ve
hizmete mahsustur

1993 AD 164

Hariciye Vekâleti Matbaası

نیزامننامەی خۆیبوون بە تورکی

Taşnak-Hoybun

TÜRK TARİH KURUMU
KÜTÜPHANESİ

ANKARA
1931
T. O. Matbaası

نامیلکەی تاشناق-خۆیبوون

THE CASE OF KURDISTAN AGAINST TURKEY

FLAG OF KURDISTAN

BY AUTHORITY OF

HOYBOON.

SUPREME COUNCIL OF THE KURDISH GOVERNMENT

بڵاوکراوەی ژمارە ١ی خۆیبوون بە ئینگلیزی



PUBLICATION
DE LA
LIGUE NATIONALE KURDE
HOYBOUN
No. 2

LES MASSACRES KURDES EN TURQUIE

LE CAIRE
IMP. PAUL BARBEY
1928

بڵاوکراوەی ژمارە ٢ی خۆیبوون بە فڕەنسی



PUBLICATION
OF THE
KURD'S NATIONAL LEAGUE
HOYBOUN
No. 3

THE MASSACRES OF KURDS
IN TURKEY

CAIRO
PAUL BARBEY'S PRINTING OFFICE

بڵاوکراوەی ژمارە ٣ (؟) خۆیبوون بە ئینگلیزی

بڵاوکراوەی ژمارە ٤ (!) کە بە تورکییە

تا ئێستە دیار نییە

جمعية خويبون الكردية الوطنية

﴿ النشرة الخامسة ﴾

القضية الكردية

ماضى الكرد وحاضرهم

احسان نورى باشا القائد العام للقوات الكردية الوطنية

مع بعض رجاله

للدكتور بله چ شيركوه

١٣٤٩ - ١٩٣٠

مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر

بڵاوکراوەی ژمارە ٥ی خۆیبوون بە عەرەبی

LA

QUESTION KURDE

ses origines et ses causes

PAR

Le Docteur BLETCH CHIRGUH

PUBLICATION
de la
LIGUE NATIONALE KURDE
HOYBOUN
No. 6

IHSAN NOURI PACHA
Généralissime des forces nationales Kurdes.

LE CAIRE
IMPRIMERIE PAUL BARBEY
1930

بڵاوکراوەی ژمارە ٥ی خۆیبوون بە فەڕەنسی

Celadet Alî Bedirxan
(Herekol Azîzan)

DE LA QUESTION KURDE

LA LOI DE DÉPORTATION ET DE DISPERSION DES KURDES

6

avesta

بڵاوکراوەی ژمارە ٧ یان ٨ی خۆیبوون بە فڕەنسی

النشرة الثامنة

لجمعية خويبون الوطنية الكردية

الكرد

ازاء العفو العام التركي

سنة ١٩١٣

بڵاوکراوەی ژمارە ٨ی خۆیبوون بە عەرەبی و بە تورکی



بەیاننامەی خۆیبوون بۆ کوردەکانی ئەمریکا بە تورکی



PRINCE EMIN BEDR KHAN

Founder of Kurdish Progressive League in 1908, first patriotic organization, and of Kurdish Social League (1918), a cultural and philanthropic organization.

ئەمین عالی بەدرخان

(١٨٥١- ١٩٢٦)



SHEIK SAID OF PIRAN

He led the Kurdish Revolution of 1925. His immediate command was cut off from the main force, and he fell into the hands of the Turks, and was hanged.

His last words were: *"He who dies for country, lives through eternity."*

شێخ سەعیدی پیران

(١٨٦٥-١٩٢٥)



نەخشەی وڵاتی کوردستان و ئەرمێنیا

سەرچاوە: Sureya Bédir Khan, *The Case of Kurdistan against Turkey*, 1928.

شێخ سەیید عەبدولقادر لەبەردەم پەتی سێدارەدا

DR. FUAD

A Kurdish patriot, participated in the Revolution of 1925, and hanged by Turks.

دوکتۆر فوئاد

ساڵی ١٩٢٥ لە سێدارە درا

HASSAN HAIRI
Deputy of Dersim in Turkish Parliament, a leader of Kurdish Revolution, hanged in 1925 by Turks.

حەسەن خەیری

ئەندام پەرلەمانی دێرسیم، ساڵی ١٩٢٥ لە سێدارە درا

بیۆگرافیا

• **ئیحسان نووری پاشا (ژێنێراڵ) (بتلیس ١٨٩٢- تاران ٢٥ی ئاداری ١٩٧٦). ژێنێراڵ و پیاوی سیاسیی کورد، دەرچووی ئەکادیمیای سەربازی ئەستەمبووڵ و ژێنێراڵی سوپای عوسمانی بوو و لە بەرەکانی یەمەن و ئەلبانیا و ڕووسیا و یۆنان شەڕی کردووە. بەشداری جەنگی سەربەخۆیی تورکیاش بووە و ساڵی ١٩٢٤ پێوەندییەکانی لەگەڵ تورکدا بڕیوە و پێوەندیی بە هێزی کوردەوە کردووە. ساڵی ١٩٢٧ لە لوبنان سەرکردایەتیی (خۆیبوون)ی کردووە. یەکێك لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی شۆڕشی چیای ئارارات (١٩٣٠-١٩٣٢) بووە و دوای تێکشکانی شۆڕش پەڕیوەی تاران بووە و و ماوەی چل ساڵی ژیانی ئاوارەیی لە تاران بەسەر بردووە.**

***

•**ئەکرەم جەمیل پاشا (دیاربەکر ١٨٩١-دیمەشق ١٩٧٤).پیاوی سیاسیی کورد بووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی چووەتە ئەستەمووڵ و دواتر دوای تەواوکردنی خوێندن لە ئەستەمووڵ ساڵی ١٩١٢ بە ئامۆژگاریی باوك و دایکی چووەتە لۆزان بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەرز و لەوێ لقی کۆمەڵەی هێڤیی قوتابیانی کوردی دامەزراندوە. لەگەڵ دەستپێکی یەکەم جەنگی جیهانییدا ئیمپراتۆریای عوسمانی بانگی هەموو قوتابیەکانی کردووەتەوە لە دەرەوە، ئەکرەم گەڕاوەتەوە بۆ وڵات. ساڵی ١٩١٦ ڕەوانەی دیاربەکر کراوە و لەوێ (جەمعییەتی کوردستان)ی دامەزراندوە، بەڵام ئەم جەمعییەتە قەدەغە کراوە و چووەتەوە بۆ ئەستەمووڵ و بەشداری دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە و هاریکاریی گۆواری (ژین)ی کردووە. زستانی ١٩٢٢ گیراوە و ڕەوانەی زیندانی دیاربەکر دەکرێ، دواتر ئازاد بووە و سەرووبەندی شۆڕشی ١٩٢٥**

جارێکی دیکە گیراوە و ڕەوانەی زیندانی قەستەموونی کراوە. دوای سێ ساڵ ئازاد بووە. ساڵی ١٩٢٩ ڕای کردووەتە شام و لە حەڵەب نیشتەجێ بووە و بەشداریی لە خۆیبوندا کردووە. ساڵی ١٩٤٧ تا ڕۆژی مردنی لەگەڵ منداڵەکانی لە دیمەشق دانیشتووە.

***

• تۆماس ودرۆ ویلسن (ڤێرجینیا ١٨٥٦/١٢/٢٨- واشنگتۆن ١٩٢٤/٠٢/٣). خوێندنی یاسای تەواو کردووە و لە چەندین دامەزراودا وەکو مامۆستای زانستە سیاسییەکان کاری کردووە. بۆ ماوەی ١٩١٢ تا ١٩٢١ سەرکۆماری ئەمریکا بووە. ساڵی ١٩١٧ ئەمریکا هاتە ناو جەنگەوە و ساڵی ١٩١٨ لە کۆتایی جەنگدا ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە جەنگدا و دواتر بەشداریی کۆنگرەی ئاشتیی (ڤێرسای) بوو و پێشنیاری دروستکردنی کۆمەڵەی گەلانی کرد.

***

• جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣سووریا ١٩٥١). کوڕی ئەمین عالی، کوڕی گەورەی میر بەدرخان بەگە. دیپلۆمی لیسانسی یاسا لە کۆنستانتینۆپل وەرگرتووە و دواتر خوێندنی لە ئەڵمانیا تەواو کردووە ساڵی١٩٢٧ بە سەرۆکی کۆمەڵەی خۆیبوون هەڵبژێردراوە. یەك لە پیاوە دیپلۆمات و چالاکەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بوو. دوای شکستی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی باکوور پەڕیوەی شام بوو و خۆی زیاتر بۆ کاری کولتووری تەرخان کرد.

***

• سەیید عەبدولقادری شەمزینانی (١٨٥١- دیاربەکر ١٩٢٥). سەرکردەی ئایینی و سیاسیی کوردبوو. کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە، پیاوی سیاسیی عوسمانی و سیناتۆری وان بوو. ساڵی

١٨٨١ دوای تێکشکانی ڕاپەرینی ساڵی ١٨٨١ لەگەڵ باوکیدا ڕەوانەی مەککە دەکرێ و ساڵی ١٩٠٨ دوای کودێتای تورکە-لاوەکان هێنرایەوە بۆ ئەستەمووڵ. یەکێك لە لایەنگرەکانی تێزی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا و دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کەمالیزم (لە دەورانێکی زۆر زوو)دا دژی ئەوە بوو کە کورد دژی تورك چەك هەڵبگرێ. ساڵی ١٩٢٥ بە بیانووی بەشداریکردن لە شۆڕشی ١٩٢٥دا بەدیلگیرا و دواتر لەسێدارە درا.

***

• **شەریف پاشا** (کۆنستانتینۆپل ١٨٦٥- ناپۆلی ١٩٥١/١٢/٢٢).
دیپلۆمات و پیاوی سیاسیی کورد و لە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی کورد لەدایك بووە. خوێندنی لە کۆنستانتینۆپل دەست پێکردووە و دواتر لە ١٨٨٥ تا ١٨٩٤ لە پاریس لە قوتابخانەی سەربازی Saint-Cyre درێژە بە خوێندن داوە. لە ساڵی ١٨٩٤ تا ١٩٠٨ بووەتە باڵوێزی حکوومەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم. دوای کۆدەتای ساڵی ١٩٠٨ی تورکە لاوەکان گەڕاوەتەوە بۆ کۆنستانتینۆپل و لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و سەیید عەبدولقادردا جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کوردیان دامەزراندووە، بەڵام شەریف پاشا هەر هەمان ساڵ گەڕاوەتەوە بۆ پاریس و سەرەتا لە پاریس و دواتر لە مۆناکۆ نیشتەجێ بووە و ساڵی ١٩١٩ بووە بە سەرۆکی وەفدی کوردستان بۆ کۆنفرەنسی ئاشتی و لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠ بە هۆی دەردە کوردەوە وازی هێناوە.

***

• شێخ سەعیدی پیران (پالۆ ١٨٦٥-دیاربەکر ١٩٢٥). پیاوی ئایینی و سیاسیی کوردبوو. دوای مردنی باوکی (شێخ عەلی سەپتی: لە تەریقەتی نەقشبەندی) شێخ سەعید چووەتە لای شێخ مەحموودی مامی. بەمشێوەیە بە چاودێریی مامی خوێندنی ئایینیی تەواو کردووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٤-ەوە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی لە کوردستانی باکوور گرتووەتە دەست. شوباتی ١٩٢٥ لەگەڵ هەزاران لە باوەڕدارەکانیدا گەیشتە پیران، هەرێمی دیاربەکر. لە سۆنگەی پێکداهەڵپرژانێکەوە لەگەڵ دەسەڵاتکارانی ناوچەکەدا شۆڕش لە ٨ی شوباتی ١٩٢٥ بەرپا بوو و بە زوویی زۆرترین بەشی کوردستانی باکووری گرتەوە. پێشمەرگەکان هەتا بن دەرگەی دیاربەکر چوون، بەڵام ٣١ی ئایاری ١٩٢٥ زۆر بێڕەحمانە شۆڕشەکە دامرکێندرایەوە. شێخ سەعید لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا لەسەر ئەوە بوون بگەنە ناو سنووری ئێران، کاتێك لەسەر پردی عەبدولڕەحمان پاشا لە وارتۆ بەدیل گیران, شێخ سەعید بە دیلکراوی هێنرایە دیاربەکر و لە دادگەی سەربازیی دیاربەکر سزای مەرگی بەسەردا سەپێندرا و ڕۆژی ٤ی ئەیلوولی ١٩٢٥ لە دیاربەکر لەگەڵ ٤٩ لە هاوەڵەکانیدا لەبەردەم پارێزگا لەسێدارە درا.

***

•عەبدولڕەزاق بەدرخان بەگ (١٨٦٤-١٩١٨) کوڕی نەجیب پاشای کوڕی بەدرخان بەگی میری گەورەی بۆتانە. دوای ئەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی خوێندووە و زمانی فڕانسیی خوێندووە و دیپلۆمی باڵای لە پەروەردەدا وەرگرتووە، سێ چوار ساڵێك لە وەزارەتی دەرەوە وەکو فەرمانبەر کاردەکات و دواتر بووەتە سکرتێری سێیەمی باڵوێزخانەی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە پیتەر بۆرگ.

سوڵتان، بە مەبەستی دوورخستنەوەی لە کاری سیاسی و خستنە ژێر چاودێریی خۆیەوە، کردوویە بە سەرۆکی دیوان لە کۆنستانتینۆپل. دواتر ڕای کردووە و گەلێك ئازار و زیندان و ئەشکەنجە و دوورە وڵاتی چێشتووە. یەکێکە بووە لە سەرکردە منەوەرەکانی کورد و پرۆ ڕووس بووە. دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بێنەوا ماوەتەوە و دواتر ساڵی ١٩١٨(؟) کەوتوەتە بەردەستی تورکەکان و بێسەروشوێنی کراوە.

***

• کامەران بەدرخان (ئەستەموولْ ٢١ ی ئابی ١٨٩٥- پاریس ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٨). نووسەر و پیاوی سیاسیی کوردبووە. ساڵی ١٩١٢ کاتی جەنگی باڵقان لایەنگری تورکەکان بوو. یەکێك لە دامەزرێنەرانی جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد بووە، گەلێك وتاری لە گۆواری "ژین"دا لەسەر پرسی کورد بڵاو کردۆتەوە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە لایپزیك لە ئەڵمانیا، گەڕاوەتەوە بۆ بەیرووت و مەکتەبی موحاماتی کردووەتەوە. ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠ کۆمەڵێك وتار و کتێب بڵاو کردووەتەوە و ساڵی ١٩٤٧ هاتووەتە پاریس و لە قوتابخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان وانەی زمانی کوردی (کرمانجی)ی وتووەتەوە و ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردیی دامەزراندووە. ساڵی ١٩٧٠ بووە بە زمانیحاڵی بارزانی ئەورووپا.

***

• فوئاد پاشا (دوکتۆر) (چنار ١٨٦٧-دیاربەکر ١٩٢٥). پزیشك و پیاوی سیاسیی کورد بووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی پزیشکی لە ئەستەموولْ، لە نەخۆشخانەی گشتیی ئۆرفە کاری کردووە. یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هیڤیا ١٩١٢ و ئەندامی جەمعییەتی

تەعالیی کوردستان بووە و یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی کوردیی (ئازادیی) بووە-١٩٢٣. ماوەیەك بەر لە شۆڕشی ١٩٢٥ خەریکی دەرکردنی گۆوارێك بوو بە ناوی (میزۆپۆتامیا)وە. بە بیانووی بەشداریی لە شۆڕشی ١٩٢٥وە دەستگیر کراوە و بەرامبەر بە پارێزگای دیاربەکر لە سێدارە دراوە.

***

• دوکتۆ ئەحمەد نافیز (١٩٠٢ ئەلعەزیز-قامیشلۆ ١٩٦٨). پیاوی سیاسیی کورد بووە. خوێندی پزیشکیی تەواو کردووە و برا گەورەی نورەددین زازایە. لە دوای شکستی شۆڕشی کوردساڵی ١٩٢٥ ئاوارەی سووریا بووە و بەشداریی لە دامەزراندنی خۆیبوون دا هەبوە و یەکێك لە بیچمە گرینگەکانی ناسیۆنالیزمی کورد بوو لە ساڵانی سیەکان و چلەکاندا.

***

• خالید جوبران بەگ (ئەلگۆر ١٨٨٠- بتلیس ١٩ی ئاداری ١٩٢٥). پیاوی سیاسی و کۆڵۆنێلی سوپای عوسمانی بووە. یەکێك لە ئەندامە گرینگەکانی هۆزی (جوبران) و هاوسۆزیی لەگەڵ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان دا هەبوە و لەگەڵ چەند رووناکبیرێکی دیکەی کورددا (کۆمیتەی کوردستان)یان دامەزراندوە. چالاکانە بەشداری لە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ دەکات و لەگەڵ یوسف زیا بەگ پێکەوە لە ١٩ی ئاداری ١٩٢٥دا لە بتلیس لەسێدارە دراون.

• یووسف زیا بەگ (بتلیس؟- بتلیس ١٩ی ئاداری ١٩٢٥)، پیاوی سیاسیی کورد و ئەندام پەرلەمانی بتلیس بووە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی ئەنقەرە و ئەندامی دادگەی سەربەخۆ بوو لە قەستەمۆنی لە ماوەی جەنگی سەربەخۆیی تورکدا ١٩١٩-١٩٢٣.

کۆتایی ساڵی ١٩٢٤ پێوەندیی لەگەڵ کەمالیستەکاندا بڕیوە و خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە. چالاکانە بەشداریی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥دا هەبوە دەستگیر کراوە، لە ١٩ی ئاداری ١٩٢٥ لە بتلیس لە سێدارە دراوە.

ئیندێکسی ناو و شوێن*

I

ئیندێکسی ناو

ئا

ئەحمەد تۆفیق بەگ: ٥٥

ئەحمەد نافیز: ١٤، ١٠٤

ئەکرەم جەمیل پاشا: ١٤، ١٥، ٩٩

ئەمین ڕامان:١٤

ئەمین عالی بەدرخان: ٥٣، ١٠٠، ١٠١

(شێخ) ئەیوب: ٤٧، ٤٨

(حەیدەری زادە) ئیبراهیم: ٦٢

ئیحسان نووری پاشا: ١٤، ٩٩

(شێخ) ئیسماعیل: ٥٩

ئیسماعیل حەقی: ٦٢

ب

بۆزان: ١٤

بۆزۆ بەگ: ٦٢

* لەم ئیندێکسەدا هەموو ناوە زۆر دووبارەبووەکانی وەك: کورد، کوردستان و تورك لەبەر زۆر دووبارەبوونەوەیان نەخراونەتە ناو ئەم ئیندێکسەوە.

ت

تۆفیق: ٦٢

ج

جەلادەت بەدرخان: ١٤، ١٠٠

ح

حاجۆ ئاغا: ١٤

حاجی ئاختی: ٥٧

حاجی ئیبراهیم: ٥٧

حەسەن خەیری: ١٠٦

خ

خالید جوبران بەگ: ٦٢، ١٠٤

خۆجا عەسکەری: ٥٧

خەلیل ڕامی بەدرخان: ٥٣

ز

زەینەددین عابدین: ٥٣

س

سورەیا بەدرخان: ٦، ١٤، ١٩

سورەیا بەگ (وەکیل): ٦٠

سولەیمان سەبری بەگ: ٥٢

(شێخ) سەعیدی پیران: ٤٣، ٤٧، ٤٨، ٥٣، ٥٧، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٣، ٩٢، ١٠٢

سەلیمی یەکەم: ٢٩، ٣٠

ش

شاکر محەمەد: ٥٣

شەریف پاشا: ٦٤، ١٠١

(سەیید) شەفیق: ٥٣

شەوکەت زولفی: ١٤

شەیحان زادە مستەفا ئەفەندی: ٥٤

ع

عارف بەگ ئەفەندی: ١٩

عارف عەباس: ١٤

(سوڵتان) عەبدولحەمید: ١٠، ٢٥

عەبدولڕەحمان ئاغا: ٥٣

عەبدولڕەحمان پاشا: ١٠٢

(شێخ) عەبدولڕەحمان گارسی: ١٤

عەبدولڕەزاق بەدرخان: ٦٤، ١٠٢

(سەیید) عەبدولقادری شەمزینانی: ٥٣، ٥٦، ٥٧، ٦٤، ٩٤، ١٠٠، ١٠١

عەبدولکەریم ئەفەندی: ٥٨

عەبدوڵڵا جەودەت: ٩

عەبدوڵڵا سەعدی: ٥٦

(سوڵتان) عەبدولمەجید: ٤٢

عەزمی: ٦٥

عەلی ڕەزا: ٥٣، ٥٧

(شێخ) عەلی سەپتی: ١٠٢

عەلی صائیب بەگ: ٤٩، ٥٠، ٥٤، ٦١، ٦٣

عیصمەت پاشا: ٦٨

ف

فوئاد بەگ: ٤٨، ٤٩، ٥٠، ١٠٣

(ماریشاڵ) فەوزی پاشا: ٥٢

ق

قاسم بەگ: ٥٨، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥

ك

کامەران بەدرخان: ١٤، ٥٣، ١٠٣

کوێر سەعدی: ٥٧

کەمال فەوزی: ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٦

ل

لوتفی موفید بەگ: ٦٢

لۆتەر (سیر گێرارد): ١١

م

مالومیان: ١٠

(سەیید) محەمەد: ٥٣، ٥٧

محەمەد تۆفیق: ٥٧

(شێخ) محەمەد خالید ئەیووب: ٤٨

محەمەد شوکری سەگبان: ١٤

محەمەد عەلی عەونی: ٦

مستەفا ئەفەندی: ٥٤

مستەفا شاهین: ١٤

مستەفا کەمال ئەفەندی: ٥٤

مستەفا کەمال (ئەتاتورك): ١٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧

موفید بەگ: ٥٤

شێخ مەحموود (مامی شێخ سەعید): ١٠٢
مەزهەر موفید: ٦٣
مەمدووح سەلیم: ١٤
مەولان زادە ڕەفعەت: ١٤، ٥٣

ن

ناشید حەقی: ٤٧
نافیز (سەرۆك هۆز): ٥٦
نەجمەددین بەگ: ٦٢
نەجیب پاشا: ١٠٢

و

ویلسن (سەرۆك): ٣٤

ی

یووسف زیا بەگ: ٥٨، ٥٩، ٦١، ١٠٤

II

ئیندێکسی شوێن

ئا

ئارارات: ٣٧، ٩٩

ئازەربایجان: ٣٧

ئورفە: ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٦٢

ئەرزەڕۆم: ٦٢

ئەرجیش: ٧١

ئەستەمبووڵ: ١٣، ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٣

ئەڵمانیا: ١٠٠، ١٠٣

ئەمریکا: ٧١، ٩٠، ١٠٠

ئەنادۆل: ٦٨

ئەنقەرە (حکوومەت): ٣٦، ٣٧، ٣٩، ٤٠، ٥٤، ٥٥، ٦٨، ٧٣، ١٠٤

ئێران: ٣٣، ٣٧، ٣٨، ١٠٢

ب

باڵقان: ١١، ٢٨، ٦٧، ١٠٣

بایەزید: ٧٠

بتلیس: ٥١، ٥٨، ٦٢، ٦٣، ٩٩، ١٠٤، ١٠٥

بوهتان: ٤٢

بۆسنیا: ٦٧

بەغدا: ٥٠، ٦٢

بەیرووت: ١٠٣

پ

پاریس: ٣٥، ٦٤، ١٠١، ١٠٣

ت

تاران: ٦٣، ٩٩

تورکیا: ٢٦، ٢٩، ٣٤، ٣٨، ٤٠، ٤٣، ٤٨، ٥١، ٦١، ٦٧، ٧٠، ٧٢، ٩٩

تۆران: ، ٣٨

تەبرێز (تەورێز): ٣٣، ٣٧

تەرابزۆن: ٥٢

ج

جزیره: ٥٢

چ

چنار: ١٠٣

چەرمق: ٤٩

ح

حەڵەب: ٥٤، ١٠٠

د

دیاربەکر: ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٩، ٥٠، ٥٢، ٥٦، ٥٩، ٦٢، ٦٣، ٦٥، ٧١، ٩٩، ١٠٠، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤

س

ستۆکهۆڵم: ١٠١

سلێمانی: ٦٢

سمیرنا: ٧٠

سووریا: ٤٠، ٦٧، ١٠٠، ١٠٤
سیرۆژ: ٥٤
سیوەرەك: ٤٧

ش

شام: ١٣، ١٠٠

ع

عادل جەواز: ٧١

ف

فڕانسا: ٣٩
فەلەستین: ٦٧
ڤێرجینیا: ١٠٠
ڤێرسای: ١٠٠

ق

قامیشلۆ: ١٠٤
قەستەموونی: ١٠٠
قەوقاز: ٢٩

ك

كرواتیا: ٤٠
كۆنستانتینۆپل: ٣٢، ٣٤، ٣٥، ٥٢، ٥٦، ٥٧، ٦٤، ١٠٠، ١٠١، ١٠٣

ل

لوبنان: ١٣، ١٤، ٩٩
لەندەن: ٦٣

م

مووسڵ: ٣٢، ٣٨، ٤٠، ٥٠

مووش: ٥٨

مۆناكۆ: ١٠١

مەكدۆنیا: ١٠

مەككە: ١٠١

مەلازگەرد: ٥٢

میزۆپۆتامیا: ١٠٤

ن

ناپۆلی: ١٠١

و

واشنگتۆن: ١٠٠

وان: ٧١

هـ

هەرزەگۆڤینیا: ٦٧

ی

یۆنان: ٣٥، ٩٩